https://doi.org/10.26682/hjuod.2021.24.1.4

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 33-62، 2021

# ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خەتەنەی کچان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان)

شهلاء ولی جبار[*] و سمیه سعید خالد[**]

[*]پشكا كومەلناسی، كولیژا ئادابیّ، زانكۆیا سەلاحەددین ، هەرێما كوردستانیّ–عێراق

[**]پشكا كومەلناسی، كولیژا زانستێن مروڤایەتی، زانكۆیا دهوك، هەرێما كوردستانیّ–عێراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینی: 18 چریا ئێكیّ، 2020، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنیّ: 29 كانوینا ئێكیّ، 2020))*

**پوختە**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە خەتەنەی کچان و شیکردنەوەی وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی و دەستنیشانکردنی لایەنە کولتورییەکانی. خەتەنەی کچان عورفێکی کۆمەڵایەتییە نەک سونەتێکی ئایینی یانیش چارەسەرێکی پزیشکی و لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ئەنجامدەدرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی تایبەتی ئافرەت و ژیانە سێکسییەکەی بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەف و خاوەندارێتیکردنی ئافرەت لەلایەن خێزانەوە. پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی هۆکارو کاریگەریەکانی خەتەنەی کچان و خوێندنەوەی ئەم عورفە وەک سرووتێکی کۆمەڵایەتی و سەرمایەیەکی هێمایی. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە پرژاوەتە سەر بابەتێکی هەستیاری وەک خەتەنەی کچان بەشێوەیەکی زانستی و تێگەیشتن لە ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری هەیە. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوە ئەوا میتۆدی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بەکارهێنراوە هەروەها جۆری نموونەکە بریتییە لە (نموونەی مەبەستدار) لە جۆری (تۆپۆڵە بەفرین). بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان (چاوپێکەوتنی نیمچەکردوە) بەکارهێنراوە. لە ئەنجامە گرنگەکان: هۆکارەکانی خەتەنەی کچان نزمی ئاستی خوێندەواری و کەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، کاریگەرییەکانی ئەم نەریتە وەک: نەمانی متمانەبەخۆبوون و دوورەپەرێزی و فشاری کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی قوربانیانی خەتەنە.**

***کلیلەکانی توێژینەوە:*** خەتەنەی کچان، سرووتی تێپەڕین، سەرمایەی هێمایی، عورفی کۆمەڵایەتی، نەریتی کۆمەڵایەتی.

## دەروازە

خەتەنەکردنی کچان یەکێکە لە کۆنترین نەریتە کولتوورییەکان، کە لەسەر جەستەی ئافرەت ئەنجامدەدرێت و لە هەمووشیان ڕسکاوترە و لە چەندین کۆمەڵگە و کولتووری جیاوازدا بوونی هەیە. هەروەها بە توندوتیژترین مومارەسە دادەنرێت کە بەرامبەر بە منداڵی کچ ئەنجامدەدرێت، لەبەر ئەوەی مافی ژیانێکی ئاسایی لێدەسێنرێتەوە بێ ئەوەی بتوانێت بەرگری لێبکات و بە هۆشیاریشەوە ئەو کارەی بەرامبەر

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

دەکرێت، لەهەمان کاتدا خەتەنەی کچان لەهەموو نەریتەکانی دیکە بەردەوامی زیاتری هەیە، لەگەڵ ئەوەی لەم چەند دەیەی دواییدا کۆمەڵگەکان بەردەوام گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووریان بەخۆوە بینیووە، کەچی تا ئێستاش نەریتی خەتەنەکردنی کچان ئامادەیی هەیە.

سالانە (173) ملیۆن کچ -لەسەر ئاستی جیهان- دەکەونە بن باری ئەم نەریتەوە و خەتەنە دەکرێن هەروەها (2-3) ملیۆن کچ لە وڵاتە جیاوازەکاندا گریماندەکرێت خەتەنەبکرێن، تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواش لەم نەریتە بەدەر نیین، ئەویش بەهۆکاری بوونی کۆچبەرانەوە، ئەگەرچی لەم وڵاتانەدا چەندین یاسای توند دانراون بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی خەتەنە و بە تاوان لەقەڵەمیان داوە، کەچی ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون لەوەی ئەو نەریتە لەنێو ببەن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەتەنەی کچان توخمێکی کولتوورییە و پشت بە بنیادی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو خەڵکە دەبەستێت، کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەنجامی دەدەن (Monahan,2007,29).

ئەگەر سەرنج بدرێت ئەو ناوچانەی وا ئەم نەریتەیان تێدا بەربڵاوە زۆربەیان ژینگەیەکی گەرمیان هەیە و ئاشکراشە چالاکییەکانی جەستە بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما چالاکتردەبن و جەستەش زووتر پێدەگات و گەشە دەکات[*]، ئیتر دەکرێت بیروباوەڕیان وابێت کە لەمیانەی خەتەنەکردنی کچانەوە بەربگرن لە لادانی سێکسی کچان. زێتر لەوەش، کۆمەڵگە جیاوازەکان ئەفسانەی زۆریان خستووەتە پاڵ ئەنجامدانی ئەم نەریتە لەپێناو ڕەوایەتیدانی زیاتر بە ئەنجامدانی خەتەنەی کچان.

کۆمەڵگە مرۆییەکان لەم چەند دەیەی کۆتاییدا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گرنگییان بە بابەتەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ داوە بەشێوەیەکی گشتی و مافەکانی منداڵان بەشێوەیەکی تایبەتی -زوو بە شوودان، توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە، مافی خوێندن و تەندروستی و مافی ژیانێکی شایستە-. گرنگیدان بە پاراستنی منداڵێتی (طفولة) وەک مەسەلەیەکی بایەخدارە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەکان، کە خاڵێکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری کۆمەڵگەی مرۆیی. زێتر لەوەش لەمیانەی کارەکانی کۆمەڵناسان و ئەنترۆپۆلۆژیستانەوە سەبارەت بە گرنگیدان بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووری و هێمایەکانی جەستەی مرۆڤ، بەوپێیەی جەستە تەنها پێکهاتەیەکی فیزیکی و فسیۆلۆژی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیشە و کۆمەڵگە هەژموونی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت، بەجۆرێک سستمی کۆمەڵایەتی جەستە وەک سەرمایەیەکی هێمایی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و وێناکردن و

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

دەرخستنی جەستە بەوجۆرەی کە کۆمەڵگە لای پەسەندە. هەروەها تیشکخستنە سەر ئەو موومارەسە و دەستکارییانەی لەسەر جەستەی مرۆڤ دەکرێن (وەک خەتەنەی کچان و کوڕان، تاتۆ، کونکردن و بریندارکردن، داخکردن و سوتاندن و کۆنترۆڵکردنی قەبارەی پێی کچان(**)هتد...) بەوپێیەی هەرهەموویان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەن و بابەتگەلێکی کولتورین و سستمی کۆمەڵگە دایهێناون بۆ کۆنترۆڵکردن و خۆجیاکردنەوەی گرووپە مرۆییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی.

خەتەنەکردنی کچان یەکێکە لەوبابەتانەی کە پەیوەستە بە مافەکانی منداڵەوە و وەک مەسەلەیەکی بایەخدار لەڕووی کۆمەڵایەتی دەروونی و کولتووری و راگەیاندنەوە ڕۆشناییەکی زۆر چڕی خراوەتە سەر بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، چونکە خەتەنەی کچان لەو بابەتە ئاڵۆز و تابۆیانەبوو کە نەدەبوو قسەی لەسەر بکرێت. لەم بارەیەوە کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەبووە تاوەکو خەتەنەی کچان ببێتە مەسەلەیەکی گشتی و لە چوارچێوەی خێزان و بنەماڵە و گەڕەک و ناوچەیەکی جوگرافی و تەنانەت سنووری کۆمەڵگە و وڵات و کیشوەریش تێپەڕێنێت و ببێتە بابەتێکی جیهانی و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، هۆکارەکانیش بریتیبوون لە: ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئەنترۆپۆلۆژی و پزیشکی سەبارەت بە جەستە و چەندێتی و چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن سستمی کۆمەڵایەتییەوە. دەرخستنی کاریگەرییە خراپەکانی نەریتی خەتەنەکردن لەسەر ئافرەت. ئەنجامدانی کۆنفرانسی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتی، کە بابەتەکانی پەیوەست بە مافەکانی ئافرەت پشکی شێری بەرکەوتبوو. هەروەها گەشەسەندن و زۆربوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکوانی ئافرەت لەبواری مافەکانی ئافرەتان هۆکاری گرنگبوون بۆ ناساندن و دەرخستنی خراپیەکانی خەتەنەی کچان.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە بە دەوری بابەتی خەتەنەوە دەخولیتەوە، بەجۆرێک ئێستا خەتەنەی کچان بووە بە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکان و ڕۆشناییەکی زۆری دامەزراوە حکومی و ناحکومی و ڕێکخراوی یونسێف و یوئێن و چالاکوانانی بواری ئافرەتانی لەسەرە، زێتر لەوەش پیاوانی ئایینی لەسەر بەدەنگ هاتوون و فەتوای توونديان لەبارەوەداوە، کە چۆن ئەوە نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و دوورە لە ئایینەوە. هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو ناوچانەی کەم تا زۆر ئەم نەریتەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەگەرچی پابەندبوون پێوەی وەکو سەردەمی زوو نییە و کاڵبووەتەوە، بەڵام ڕاپرسییەکان و چاوپێکەوتنەکان دەریانخستووە ئێستاش لە ناوچە جیاجیاکان خەڵکێک هەیە کە خەتەنەی کچی خۆی دەکات بەناوی ئایین و کۆنترۆڵکردنی ژیانی سێکسی


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

ئافرەت، بەڵام ئێستا ئەم مەسەلەیە لە دیاردەوە بووە بە حاڵەت و خەڵکی هۆشیاریان پەیداکردووە سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پابەندبوون بەم نەریتەوە.

لەم تویژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چەند پرسێک بخرێتە ڕوو: لەڕووی مێژووییەوە خەتەنەی کچان کەی و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ مێژووی ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چ سەردەمێک؟ ئامانج لە ئەنجامدانی خەتەنەی کچان چییە؟ ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی ئەم نەریتە چیین؟ هۆکار و کاریگەرییەکانی خەتەنەی کچان کامانەن؟ هەروەها ئاراستەی ئەم نەریتە لە هەرێمی کوردستان بەرەو کوێیە؟.

بەمجۆرە ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتیین لە: تیشکخستنە سەر مێژووی دەرکەوتنی ئەم نەریتە بەشێوەیەکی گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی هۆکار و ئاکامە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خەتەنەی کچان. هەروەها شیکردنەوەی خەتەنەی کچان لەچوارچێوەی تیۆرەکۆمەڵایەتییەکان و دواتر خوێندنەوەی خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیۆرانەدا.

گرنگی ئەم تویژینەوەیە لەوەدایە، کە پرژاوەتە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ، ئەویش خەتەنەی کچانە و بەشێوەیەکی زانستی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم نەریتە لە کۆمەڵگە بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شیدەکاتەوە و هەوڵدەدات بەپێی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان تێگەیشتنەکان سەبارەت بەم نەریتە لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو، بەجۆرێک باسکردنی بابەتێکی وا هەستیار بەشێوەیەکی زانستی و تێگەیشتن لە ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی بایەخێکی زۆری هەیە.

## یەکەم: خەتەنەی کچان، چەمک و ڕەگویشەی مێژوویی

خەتەنەی کچان (Female Circumcision) یان لێکردنەوە یاخود شێواندنی کۆئەندامی مێینە (Female Genital Mutilation) نەریتێکی کولتووریی کۆنە و لە چەندین کۆمەڵگەی ئەفریقی و ئاسیایی و هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست -و هەرێمی کوردستان- ئەنجامدەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و ئەمریکا و ئوستورالیاش ئاشنای ئەم نەریتەبوونە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆکاری کۆچکردن و بزاوتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان و نیشتەجێبوونیان لەو ناوچانەدا.(Similä,Tiilikainen. al, 2008: 2)

هەروەها بۆ گوزارشتکردن لە خەتەنەی کچان کۆمەڵێک چەمک بەکاردەهێنرێت لەوانەش: خەتەنەی کچان (Female Circumcision)، شێواندنی ئەندامی مێیینە ( Female

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

(Genital Mutilation **و** لێکردنەوەی ئەندامی زاوزێی مێینە ( Female Genital Cutting)**.** چەمکی خەتەنەی کچان تا کۆتاییەکانی (1971) لەنێو توێژەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان ئامادەیی هەبوو و بۆ گوزارشتکردن لەم نەریتە بەکارهاتووە، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە چەمکی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە لەلایەن ڕێکخراوی تەدروستی جیهانییەوە بەکاردەهێنرێت، ئیتر ئەم چەمکە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانیشەوە لەساڵی (1991)ەوە تەبەنی کرا، بەوپێیەی ئاماژەیە بە پێشەلکردنی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ئافرەت و منداڵی کچ**.** (Brrady and Files,2007:158). لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و ئەمریکا و ئوستورالیاش ئاشنای ئەم نەریتەبوونە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆکاری کۆچکردن و بزاوتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان و نیشتەجێبوونیان لەو ناوچانەدا**.**( Similä,Tiilikainen. al, 2008: 2)**.** زۆرێک لە توێژەران خەتەنەی کچان پێناس دەکەن بەوەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییە بۆ ئەندامی زاوزێی مێیینە، لەکاتێکدا (یۆنت)(Yount ) ئاماژەدەکات بەوەی خەتەنەی کچان شێوازێکە لە شێوازەکانی شێواندنی ئەندامی زاوزێک مێیینە**.**( Yount,2002:339) خەتەنەی کچان هەموو بڕین و لابردنێکی هەندەکی یان هەمووەکی ئەندامی زاوزێی مێیینە یان ئەزیەتدانی ئەو ئەندامە بە مەبەستی کولتووری و کۆمەڵایەتی یان هەر هۆکارێکی دیکە کە پەیوەندی بە چارەسەری تەندروستییەوە نەبێت ( Hosken, 1994:31). ئاشکرایە خەتەنەی کچان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا یەک شێوەی نییە، بەڵکو چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە لەمبارەیەوە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە گشتی چوار جۆری سەرەکی خەتەنەی کچانی دەستنیشان کردوە ئەوانیش: یەکەمیان: لابردنی هەندەکی یان هەمووەکی قیتکە (بەلۆکە)، ئەم جۆرەیان شێواندنێکی کەمی ئەندامی زاوزێی مێینەیە و لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بەزۆری ئەم جۆرەی خەتەنە ئەنجام دەدرێت**.** جۆری دووەم: لابردنی هەندەکی یان هەمووەکی قیتکە و هەردوو شەفرە پێستییە بچوکەکە بەبێ شەفرە پێستییە گەورەکان**.** جۆری سێیەم: تەسککردنەوەی زێ بە دوورینەوەی لەگەڵ لابردنی قیتکە یان لانەبردنی (ناسراوە بە خەتەنەی فرعەونی- (Infibulation/Pharaonic، جۆری چوارەم و کۆتایی بریتییە لە هەر دەستکارییەکی خراپی ئەندامی زاوزێی مێینە وەک: کونکردن، کەرتکردن و بریندارکردن و داخکردن (WHO,2008:4)، ( Adorno,. Al,1998,26)

لەو جۆرانەی خەتەنە کە ئاماژەیان پێکرا، جۆری یەکەم و دووەمیان لە وڵاتانی وەک میسر، چاد و کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست، کینیا، تەنزانیا و هەندێک لە گرووپە موسوڵمانەکانی فلپین و ئیندۆنوسیا


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

و پاکستان و مالیزیا ئەنجامدەدرێت، بەڵام جۆری سێیەم کە بە دورینەوەی فیرعەونی ناسراوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سۆماڵ، جیبۆتی و سودان و هەندێک ناوچەی مالی و باکوری نێجیریا و هەندێک ناوچەی ئیتیوبیا، بەڵام هیچ جۆرێکی خەتەنەکردنی کچان لە سعودیە ئەنجام نادرێت (عبدالعظیم،57:2015). سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئەوا جۆری یەکەمی تێدا باوە و زۆر بە کەمی جۆری دووەم ئەنجامدەدرێت. هەروەها لەڕووی یاسایی و لە دەقە یاساییەکاندا چەمکی خەتەنەی کچان بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەنێو خەڵکیدا چەمکی (سونەتکردنی کچان) بەکاردەهێنرێت. ناساندنی خەتەنەی کچان بە (سونەتکردن) دەگەڕێتەوە بۆ بەستنەوەی ئەم دیاردەیە بە ئاینی ئیسلامەوە بەوپێیەی خەتەنەکردنی کچان سونەتێکی ئاینییە و دەبێت خەڵک پابەندی ئەو سوونەتە ببن، هەروەها هەندێکیان هاوشێوەی خەتەنەی کوران لەقەڵەمی دەدەن. بەڵام هیچ کات ئەم دوو نەریتە هاوشێوەی یەکتری نیین. بەجۆرێک خەتەنەی کوران تەواو لە خەتەنەی کچان جیاوازە هەم وەک نەریتی کۆمەڵایەتی هەمیش وەک مانا و گوزارشتە هێمایەکەی و شێواندنی ئەندامی زاوزێیان [***].

پێشبینییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان دەگاتە (173-100)ملیۆن کچی منداڵ و ئافرەت لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان کە دووچاری یەکێک لەو سێ جۆرەی یەکەمی خەتەنە بوونەتەوە. ئەم پێشبینیانەی ڕێکخراوی تەندروستی پشتی بەستووە بەو ڕووپێوی و زانیارییانەی لەماوەی جیاجیادا ئەنجامیانداوە و دەستیان کەوتوون. لە ڕاپۆرتەکانیاندا کیشوەری ئەفریقیا لە پلەی یەکەم دێت کە پیشبینییەکان ئاماژەدەکەن بەوەی نزیکەی (91.5)ملیۆن کچی منداڵ و ئافرەت لە ئەفریقیا کە تەمەنیان لە(9)ساڵی تێپەڕیکردبێت ڕووبەڕووی ئەو نەریتە بوونەتەوە، هەروەها نزیکەی (3-4)ملیۆن کچ ساڵانە ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی ئەم پرۆسەیە ببنەوە. (Monahan,2007,29)، (WHO,2008:4). سەرچاوەی دروستبوونی ئەم نەریتە لە کۆمەڵگە مرۆییەکان بەتەواوی ڕوون نییە کە لە چ دەورو زەمەنێک و لە چ کۆمەڵگەیەکەوە ئەم نەریتە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بڕوایەکی بەهێز هەیە لەنێوان توێژەران کە ڕەنگە ئەم نەریتە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ (5000)هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. (عبدالعظیم،60:2015).

ئەنترۆپۆلۆژیست و کۆمەڵناسان پێیانوایە مومارەسەکردنی خەتەنەی کچان لە چەندین شارستانیەتدا بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە و پەیوەست نییە تەنیا بە کولتوور و ئاینێکی دیاریکراوەوە، بەجۆرێک ئەم نەریتە لەو کۆمەڵگە نەریتیانەدا باوبووە کە بنیادێکی باوکسارییان هەبووە و هۆکارگەلێکی جیاواز و شاراوە لەپشت ئەنجامدانی ئەم نەریتەوە بوونیان هەیە کە دەشێ هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئایینی، یان

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

کولتووری بن، تەنانەت ڕەنگە هەندێک جار لەکاتی شەڕ و شۆڕی نێوان کەمایەتییە ئایینییەکان و هۆزە جیاوازەکان، خەتەنەی کچان وەک ئامرازێک بۆ توندوتیژی سێکسی بەکاربهێنرێت. هەروەها ئەمانە موکورن لەسەر ئەوەی خەتەنەی کچان لەدەرەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینیەکەیدا هیچ مانایەک نابەخشێت. بەمپێیە ئەم نەریتە لەپێش ئیسلام و مەسیحیەت بوونی هەبووە و زۆرێک لە زاناکان سەرچاوەی مومارەسەکردنی خەتەنە دەگەڕێننەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا (Wilson,A,2012:4)

هەندێکی دیکەی توێژەران پێیان وایە ڕەگوریشەی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆز و خێڵانەی کە لە ڕۆژئاوای دەریای سوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقیا ژیاون. ئەنجامدانی ئەم نەریتە مەبەستی دیاریکراوی هەبووە، خەتەنەی کچان هێمایەک بووە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە منداڵی کچ پێیناوەتە جیهانی کچێتییەوە، یانیش تێکەڵاوکردن و گونجاندنی منداڵی کچە لەگەڵ ژیانی ئافرەتان و لەگەڵ عورفە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە ئێتنییەکەیان. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆسەیە بۆ کەمکردنەوەی مەیلی سێکسی بووە لای ئافرەت و بەرگرتن لە لادان بەتایبەت کاتێک مێردەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕاوکردن یان لەشەڕکردندا بووە. هەروەها پەیوەندییەک هەیە لەنێوان کۆیلایەتی و بەربڵاوی نەریتی خەتەنەکردن، بەجۆرێک لەئەنجامی شەڕوشۆڕ میسرییەکان ژمارەیەکی زۆری کۆیلەیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا هێناوە و هەندێکیانیان لە میسر جێگیرکردووە و هەندێکیشیانیان فرۆشتووە بە باشووری جەزیرەی عەرەبی لەڕێگەی دەریای سوورەوە، ئیتر ئەم کۆیلانە بە تێپەڕبوونی کات و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم نەریتی خەتەنەیەیان لەو ناوچانەدا بڵاوکردووەتەوە پێش ئیسلام(Mackie,1996:1003).

## دووەم: مێژووی خەتەنەی کچان لە کوردستانی باشوور

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بۆ زانینی مێژووی ئەم نەریتە، سەرچاوەیەکی وەهانییە کە باسیکردبێت تەنانەت لە کتێبەکانی ڕۆژهەڵاتناسانیشدا کە سەردانی کوردستانیان کردووە، هیچ کامێکیان ئاماژەیان بە بوونی نەریتی خەتەنەی کچان نەکردووە، تەنانەت لە کتێبەکەی خانمە ڕۆژهەڵاتناسی دانیمارکی (هێنی هاڕۆڵد هانسن)(Henny Harold Hansen) بەناونیشانی ژیانی ئافرەتی کوردی کە لە ساڵی (1957) هاتووەتە کوردستانی باشوور بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە خەتەنەی کچان نەداوە لەنێو کوردان، تەنها باسی خەتەنەی منداڵی کوڕی کردوە. دەشێ هۆکاری باس نەکردنی خەتەنەی کچان لەلایەن هانسنەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

ماوەی (4) مانگ لە کوردستان ماوەتەوە و لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بووە، بۆیە ڕەنگە نەپرژابێتە سەر بابەتی خەتەنەی کچان. هەروەها ئەم بابەتە ئافرەتانەیە و عەیبەیە ناکرێت بۆ پیاوی بێگانە کە ڕۆژهەڵاتناسان زۆربەی زۆریان پیاوبوون، باسی بکرێت. هەروەها کچان و ئافرەتان تەواو پەیوەستن بە شەرەفی پیاوەوە بۆیە خەتەنەکردنیان پرۆسەیەکە بە نهێنییەکی زۆر و لەژێر پەردەوە ئەنجامدەدرێت بۆیە ڕۆژهەڵاتناسان نەیانتوانیوە شتێکی لەبارەوە بزانن و وەکو نەریتیش لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە باس نەکراوە.

ئەگەرچی خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان مێژووەکەی دیار نییە، بەڵام لەزۆربەی ناوچەکانی هەرێمدا هەبووە و بەردەوامی هەیە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. ئیتر لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەک دەستنەکەوتووە کە باس لە مێژووی ئەم نەریتە بکات لەم ناوچەیە، ئەوا توێژەران بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چەند نموونەیەکی زیندوودا کردووە، کە خۆیان و منداڵە کچەکانیشیان خەتەنەکراون، دەرکەوتووە لەناو کوردانی ئەم ناوچەیە خەتەنەکردن باو بووە تەنانەت چینی باڵا و ناوەند و هەژاریش پابەندبوونە پێوەی و بەشێکی بنیادی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنا و وەک بابەتێکی ئاینیی و کولتووری لەقەڵەم دەدرا. لە گێڕانەوەکانی ئەو نموونانە دەردەکەوێت کە لەساڵانی پێش (1900)یش کورد پابەندی ئەم نەریتە بووە و سستمی کۆمەڵایەتی نەوە دوای نەوە پاڵپشتی لێکردووە و وەک کولتووریش لە زەینی تاکەکاندا چێنراوە. ئێستاش لە هەندێک ناوچەی (هەولێر و سلێمانی) حاڵەتەکانی خەتەنەی کچان بوونی هەیە و لەم ساڵانەی دواییشدا لە دەوروبەری (دهۆک) خەتەنەی کچان ئەنجام دەدرێت و هۆکاری بوونی ئەم نەریتە لەم کۆتاییانەدا لەم ناوچەیە تاڕادەیەک نەزانراوە، یانیش تائێستا توێژینەوەیەکی زانستی لە ناوچەی بادینان و لە پارێزگای دهۆک لەبارەیەوە ئەنجام نەدراوە بۆیە بە تەمووومژاوی ماوەتەوە.

خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان ئامانجی خۆی هەبووە، بەجۆرێک ئەنجامدانی ئەم نەریتە بۆ پاکبوونەوە و پاراستنی کچ بووە لە لادانی پەیوەست بە شەرەفەوە، واتە هەر لە منداڵییەوە بڕیار لەسەر بەشێکی زۆر تایبەتیان دراوە کە ئەویش ژیانی سێکسیانە و لەمنداڵییەوە ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەو منداڵە کچە ڕاپێچی نێو ژیانی سێکسی و چێژوەرگرتن دەکرا و بۆ خزمەتی پیاو پەروەردەکراوە. لە کوردەواریدا ئافرەت یەکسانە بەشەرەفی پیاو، ئیتر لەسەر پیاوە پارێزگاری لەو شەرەفە بکات، بەڵام بۆ ئەوەی پیاو بتوانێت شەرەفەکەی بەتەواوەتی بپارێزێت دەبوو ئافرەت بەم کارە هەستێت هەم لەبەر ئەوەی بابەتێکی تەواو ئافرەتانەیە نابێت پیاوان باسی بکەن و بۆ ئافرەتان ئەنجامی بدەن، هەر لەبەر ئەوەش ئەو کارەیان بە ئافرەت ڕاسپاردوە و

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

پیاویش لەمیانەی سستمی کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی کردووە، بۆیە لەم نێوەندەدا دەبوو کچ خەتەنە بکرێت و ناموسی پیاو ئاوی دەستی حەڵاڵ بێت، لەبەر ئەوەی لە کۆندا واباوبوو کە ئافرەتی خەتەنەکراو نانی دەستی حەلاڵە، بەڵام ئافرەتی خەتەنە نەکراو نانی دەستی حەرامە. ئەوکات خەتەنەکردن هێندە ڕسکابوو کە بەرگێکی ئایینی و ڕێگەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بە خاوەنی کچی خەتەنەکراو دەبەخشی، شوورەیی بوو ئەگەر کچێک خەتەنە نەکرابا.

کاتێک ئاستی خوێندەواری ئافرەت بەرزدەبێتەوە ئیتر ئافرەتیش تێدەگات، بەتایبەت ئەو خێزانانەی خاوەن پێشمەرگەبوون(****) و خوێندەواربوون ئەم نەریتەیان کەمتر پەیڕەو دەکرد، بەڵام بە نهێنی مەسەلەکەیان دەهێشتەوە، بەجۆرێک دایک کچەکەی خەتەنە نەدەکرد بەڵام بڵاوی دەکردەوە گوایە خەتەنەی کردوە بۆ نموونە زۆرێک لە خێزانەکان کاتێک کچیان هەبوایە و میوانیان بهاتایە، پێش ئەوەی ئاوی ئەو ماڵە بخۆنەوە دەیانپرسی ئایا کچەکانیان خەتەنەکراون یان نەء، ئەگەر بیانگوتبا خەتەنە کراون ئاو و نای ئەو ماڵەیان دەخوارد، ئەگەر نا دەمیان لە هیچ شتێکی ئەو ماڵە نەدەدا. (*****)، تەنانەت زۆربەی کات پیاوی ماڵەکەش بەو نهێنییەیان نەدەزانی. ئەم حاڵەتانە بەتایبەت لەنێو ئەو خێزانانەدا بوونیان هەبوو کە لەنێو شارەکاندا نیشتەجێبوون و ئەو ناوچانەشی کە هاموشۆیان بەسەر شارەکانەوە زیاتر بوو، بەڵام دانیشتوانی لادێکان بەتایبەت دوورە دەستەکان هەر پابەندبوون بەو نەریتەوە. هەروەها کاتێک لادێکان خاپوورکران و لادێنشینان ڕاگوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، ئەوا خەتەنەکردنی کچان لەو ئۆردوگایانە لە ئاستێکی بەرزدابوو بە نزیکەیی هەموو نیشتەجێبوانی پابەندبوون پێوەی، لەم کاتانەدا لە نێو شارەکاندا ناوچە هەژارەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان ئەم پرۆسەیە تێیاندا هەر پەیڕەودەکرا، ئەوەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە، لەبەر ئەوەی گەڕەکە هەژارەکان بریتیبوون لەو خێزانانەی، کە لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکانەوە هاتبوون بۆیە ئاساییە ئەوان هەر پابەندی دابوونەریتەکانی خۆیان بن و ئەم نەریتەش وەک بەهایەکی ئایینی حسێبی بۆ دەکرا.

لە ساڵانی (2000)ەوە کە چالاکوانانی بواری ئافرەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕووبەڕووی مەیدانییان لە شار و ناحیە و لادێکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، زۆر بە دیاریکراوی ئەو ڕووبەڕوویەی لە (2015) ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی کوردستان ئەنجامیدا، ئیتر وردە وردە لەمیانەی کۆڕ و سمینارەکانیان و فشار خستنە سەر لایەنی پەیوەندار و حکومەتی هەرێم و پیاوانی ئایینی وردە وردە ئەم دیاردەیە بەرەو کەمبوونەوە چوو، هەروەها کاتێک ئاستی خوێندەواری ئافرەت بەرەو بەرزبوونەوە چوو و تێگەیشتن لە ئایین گۆڕانی


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

بەسەردا هات و کوردستان بەسەر جیهاندا کرایەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە دەرکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و دانانی سزای بەندکردن بۆ ئەو کەسانەی کچان خەتەنە دەکەن لە(2011) کە سزاکە بریتییە لە بەندکردن تا سێ ساڵ و سزای مادی (80) هەزار دۆلار، هۆکاری کاریگەربوون بۆ کەمبوونەوەی ئەم نەریتە. هەروەها لە توێژینەوەیەکدا کە (یونسێف) لە (2014) لە کوردستانی باشوور ئەنجامی داوە دەرکەوتوە کە (75%)ی کچان باسیان لەوە کردووە کە دایکانیان فشاریان بۆ دێنن تا خەتەنەیان بکەن. (وێبسایتی کتێبخانەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، 20/6/2020)

سەبارەت بە نەوەی نوێ ئێستا خێزان منداڵی کچی خەتەنە ناکات، ئەگەریش دایکەکە بۆخۆی پێشتر خەتەنە کرابێت. ئەم حاڵەتە بەزۆری لە شارەکاندا زۆر بەربڵاوە و خەڵکی نەفرەت لەو کارە دەکەن و بە قێزەوەن لەقەڵەمی دەدەن.

لەکۆی ئەوانەی لە پێشەوە ئاماژەیان پێکراوە دەردەکەوێت خەتەنەی کچان بنیادێکی کۆمەڵایەتی و بەهایی ڕسکاوی لەو کۆمەڵگانەدا هەیە کە مومارەسەی دەکەن، ئیتر ئەم بنیادە لەمیانەی سستمەکانیەوە کاردەکات بۆ بەردەوامبوونی ئەم نەریتە. هەروەها ئەم نەریتە پەیوەندی بە ئایین و کولتور و شارستانییەتێکی دیاریکراوەوە نییە و لە هەندێک کۆمەڵگەی ئەفریقی سەرەتایی سەرچاوەی گرتووە و پەیوەستە بە هەندێک سرووتی کۆمەڵایەتی و ئایینیانەوە.

لە هەرێمی کوردستانیش بەپێی زانیاری وەرگیراو لە چاوپێکەوتنەکان، خەتەنەی کچان ئێستا وەک حاڵەت بوونی هەیە و جۆری یەکەمی خەتەنەکردن زۆر باوە (پڕینی قیتکە یان بەلۆکە)، کە جاران لەلایەن ژنێکی بەتەمەنەوە بە گوێزان ئەنجامدەدرا و لە وەرزی بەهار کۆمەڵێک منداڵی کچیان کۆ دەکردەوە کە تەمەنیان لە دەوری (5)ساڵیدابوایە ئیتر بەزۆری لەنێو ماڵەکان پرۆسەکە بەڕێوە دەچوو، ئێستاش هەر لە نێو ماڵان بەڕێوە دەچێت و لەژێر پەردەیە و نهێنییە، ئیتر بەهۆکاری بوونی یاسا و سزادانیشەوە یەکجار نهێنیتربووە، هەروەها ئێستا بەزۆری مامانی مۆڵەت پێدراو لەلایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمەوە بەم کارە هەڵدەستێت. هەروەها لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و گوندەکانی دەوروبەری دهۆک هێشتا خەتەنە ماوە، ئەگەرچی بەرەو کەمبوونەوە چووە، ئەگەر لە کۆندا هەموو چینەکانی کۆمەڵگە پابەندی نەریتی خەتەنەکردنی کچان دەبوون، ئەوا ئێستا تەنها ئەو خێزانانەی لە گەڕەکە زۆر هەژارەکانی شار و هەندێک لە لادێکانی هەرێمی کوردستان وەک حاڵەت هێشتا ئەنجامدەدرێت و وەک سەرمایەیەکی هێمایی تەماشای دەکرێت.

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

## سێیەم: خەتەنەی کچان لە چوارچێوەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا

کۆمەڵناسان و ئەنترۆپۆلۆژیستان گرنگیان بەم بابەتەداوە و هەوڵیانداوە هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەم نەریت و سرووت و هەڵسوکەوتە دەستنیشان بکەن.

**1.ئەمیل دورکایم و سرووتە کۆمەڵایەتییەکان**

دورکایم پێیوایە ئەنجامدانی سرووتێکی دیاریکراو لە کولتوورێکی دیاریکراودا ئەنجامی بیروباوەڕ و مەعریفەیەکی دیاریکراوە سەبارەت بەو شتانەی کە پیرۆزن و ئەوانەشی کە پیرۆز نین، هەموو ئەوەش لەپێناو پاراستنی سستمی کۆمەڵایەتی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، بەو مانایەی سرووتەکان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە و کولتووری کۆمەڵگەیە. دورکایم ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن تاکەکانی کۆمەڵگە هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی یەکتر بکەن ئەویش لەمیانەی بیروباوەڕ و سرووتە ئاینییەکانەوە. شتە پیرۆزەکان تابۆن و پارێزراون، بەجۆرێک تاکەکان هەموویان ڕێکدەکەون لەسەر بیروباوەڕو سرووتێک بۆ پاراستنی ئەو نەریتەی کە لایان پەسەندە و سزادانی ئەوانەشی کە پابەند نابن پێوەی، ئیتر لەڕێگەی پیرۆزکراوەکانەوە کۆمەڵگە لەمیانەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکانی فێردەکات کە پرساندن و تێستکردن و تاقیکردنەوەیان پێدەکرێت. ئەمە مانای وایە کۆمەڵگە مەعریفە و کولتوور بەرهەمدێنێت و ئەرک و مافەکان و دەروەستەیی و نەریتە دیاریکراوەکان لەبەر ڕۆشنایی سستمی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هێمایی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پیرۆزکراوانە گومانیان لەسەر نەبێت و ببن بە ڕاستی ڕەها، ئەوەش ئەنجامێکە بۆ مەیلی گرووپ بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچکردن بۆ پێوەر و دابوونەریتەکانی، هەروەها دەستەبەرکردنی ئینتما و یەکگرتوویی کۆمەڵگە، زێتر لەوەش، دابونەریتەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە کۆتڕۆڵکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکان (Olaveson,2001:97) ئەوەش مانای وایە نەریتی خەتەنەکردنی کچان وەزیفەیەکی گرنگی گێڕاوە- ئێستاش کەم تازۆر ئەو وەزیفەیە ئەنجامدەدات-لە کۆنتڕۆڵکردنی ڕەفتاری کچان و کاریگەری دەبێت لە مانەوەیان بە پاکیزەیی بەپێی ئەوەی لە کولتووری کۆمەڵگەدا باوە. .

**2.تیۆری سرووتەکانی تێپەڕین (******). (نظرية طقوس العبور) (Rites of Passages Theory)**

ئەم تیۆرە یەکێکە لەو تیۆرە کلاسیکە گرنگانەی کە لە ئەنترۆپۆلۆژیادا بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان تیۆری سرووتەکانی تیۆرەکەی (ڤان جینپ)( Van Gennep ) سەبارەت بە گرنگی سرووتەکانە لە کۆمەڵگە نەریتییە سەرەتاییەکان و تێیدا باس لە گواستنەوە و تێپەڕاندنی تاک


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

دەكات لە قۆناغێكەوە یان لە حاڵەتێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوەوە بۆ قۆناغ و حاڵەتێكی دیكەی جیاواز، هەروەها ئەو پێیوایە تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتانە لەلایەن تاكەوە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ڕوونادات، بەڵكو تاك بە قۆناغێكی نێوەندیدا تێپەڕ دەبێت ئەوسا دەتوانێت قۆناغەكەی یان حاڵەتەكەی خۆی بگۆڕێت كە (ڤان جینپ)( Van Gennep) ناوی دەنێت قۆناغی گواستنەوە یان قۆناغی پەراوێزی (Marginal Phase).( Van Gennep,1960:1).

داڤیز فلۆید (Davis Floyd) چەمكی سرووت (Rite) وا دەخاتە ڕوو كە ئەداكردنێكی هێمایی-قالبی و دووبارەبۆوەیە بۆ بەهایەك یان بیروباوەڕێكی كولتووری. سرووتەكان كاردەكەن بۆ بەهێزكردنی یەكگرتنی كۆمەڵایەتی (تماسك اجتماعي)، ئەویش لەمیانەی گونجاندنی سستمی بیروباوەڕەكانی تاك لەگەڵ سستمی بیروباوەڕەكانی ئەو گرووپەی ئینتمای بۆ هەیە. (Floyd,1992: 57)

بەڵام چەمكی سرووتەكانی پەڕینەوە(Rites of Passage) بەشێوەیەكی گشتی نیشانەیە بۆ ئەو سروتانەی ئاماژە بە تێپەڕبوونی تاك دەكەن لە قۆناغێكی دیاریكراوی ژیان بۆ قۆناغیكی دیكە. ئەم چەمكە بووە یەكێك لە ئامرازە گرنگەكانی شیكردنەوە لای ئەنترۆپۆلۆژیستەكان بەتایبەت بەریتانییەكان نموونەی (ئەندرێ ریتچاردز)( Audrey Richards)(ماكس گلوكمان)( Max Gluckman) و (ئیدمۆند لیتچ)( Edmund Leach) و (ماری دۆگلاس)( Mary Douglas) و (ڤیكتۆر تێرنەر).( Barnard and Spencer,2002:737). هەروەها (ڤان جنپ) وا پێناسەی سرووتەكانی پەڕینەوە دەكات بەوەی ئەو سرووتانەن كە هاوشانن لەگەڵ هەموو گۆڕانكارییەك لەسەر ئاستی شوێن و حاڵەت و پێگەی كۆمەڵایەتی و تەمەن، بەجۆرێك ژیانی تاك لە كۆمەڵێك قۆناغی بەدوای یەكداهاتوو پێكهاتووە و سەرەتا و كۆتایی دیاریكراویان هەیە وەك لەدایكبون، پێگەیشتنی كۆمەڵایەتی (*******)، هاوسەرگیری، باوكایەتی، بزاوتكردن بۆ نێو چینێكی كۆمەڵایەتی باڵاتر و بەدەستهێنانی پسپۆرییەكی پیشەیی باڵاتر و بەمشێوەیە تاكو تاكەكە لە ژیاندا نامێنێت هەر لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی دیكە دەپەڕێتەوە. بۆ هەریەكێ لەو قۆناغانە سرووتێكی دیاریكراو هەیە كە ئامانجی جوهەری هەر سرووتێكیش توانستی تاكە بۆ تێپەڕین بەشێوەیەكی فەرمی لە ڕەوشێكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراوەوە بۆ ڕەوشێكی دیكە كە كۆمەڵگە دەستنیشانی دەكات ( Van Gennep,1960:2-3) سرووتەكانی تێپەڕین بەشێوەیەكی گشتی مانای هێمایی لەخۆدەگرن بەوەی تاك گرووپەكەی یان پێگەكەی بەجێدێڵێت و پێگە و گرووپێكی دیكەی دەبێت، بەجۆرێك وەك ئەوەوایە كە مردنێكی هێمایی بمرێت، پاشان بە قۆناغێكدا تێپەڕدەبێت كە تاك دادەبڕێنرێت و ڕەنگە هەندێك ڕۆڵ –لەو قۆناغە

تازەیەی-بگێڕێت کە بۆ تەمەنی و جۆرەکەی ناشێت، دواتر پەیوەندیکردنی بە گرووپێکی نوێوە لەگەڵ بەڕێوەبردنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ. (Van Gennep,1960:10-11) بەپێی تێگەیشتنی (ڤان جنپ) سرووتەکانی تێپەڕین بایەخێکی زۆریان هەیە، بەجۆرێک لەڕووی کولتوورییەوە ئاماژەن بۆ تێپەڕینی تاک لەمیانەی چەند قۆناغێکی دیاریکراوەوە، کە یارمەتی تاک و گرووپ دەدا بۆ ئەوەی پێکەوە خۆیان لەگەڵ پەیوەندی و کردە کۆمەڵایەتییە نوێکەیان بگونجێنن، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ کەمکردنەوەی تەمومژاوی و دڵەڕاوکێی پەیوەست بە گۆڕانی ئەو پێگانەی تاک بەدەستیان دەهێنێت. زێتر لەوەش، سرووتەکانی تێپەڕاندن وەک پردێکە بۆ بەستنەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی فسیۆلۆژی تاک. (Floyd,1992: 58) بەمجۆرە (ڤان جنپ) سەرنجەکانی بۆ ئەو سرووتانە ڕاکێشا بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک وەزیفەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە.

هەروەها (تێرنەر) لە کتێبی بەناوی (جەنگەلی هێماکان)( The Forest of Symbols) کە لە (1967) و کتێبی (پرۆسەی سرووتەکان)( The Ritual Process) کە لە (1969) بڵاویکردوەتەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سرووتەکانی تێپەڕاندن لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام زۆر بە ڕوونی و زەقی لە کۆمەڵگە بچووکەکاندا دەردەکەون، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرن و گۆڕانکارییەکان تێیاندا پەیوەستن بە ڕەهەندە ئەندامی و سرووشتیەکانەوە تا داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان. لای تێرنەر ئەو سرووتانە بریتین لە تێپەڕین لە حاڵەتێکەوە بۆ یەکی دیکە، مەبەستی ئەو لە (حاڵەت) ئەو ڕەوشە نەگۆڕەیە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە. حاڵەت لە جەوهەریدا -و لەڕووی کولتوورییەوە- چەمکێکی زۆر گشتگیر و قوڵە و یەکێکە لە چەمکە وێکچووەکان لەگەڵ پێگە یان پلە. لەبەر ڕۆشنایی ئەمانە (تێرنەر) بەلایەوە باشترە کە ئاماژە بەوە بکات؛ سرووتەکانی تێپەڕین وەک پرۆسەن نەک حاڵەت (Turner and Turner,1967:93). تێرنەر تیۆرەکەی سەبارەت بە سرووتەکانی تێپەڕین لەسەر خەتەنەکردنی کوڕانە لە هۆزەکانی (ندمبۆ) لە زامبیا، ئەو پێیوایە سرووتەکانی خەتەنەی کوڕان نمونەیەکی دیاری سرووتەکانی تێپەڕینن، بەجۆرێک منداڵەکان لە یەک شوێندا جیادەکەنەوە و خەتەنە دەکرێن، پاش ئەو پرۆسەیە ئیتر منداڵەکان سەر لەنوێ لەدایک دەبنەوە وەک پیاو دوای ئەوەی بەشێوەیەکی هێمایی منداڵێتیان لەناخدا مراند. بەمجۆرە هەرکەسێک خەتەنە نەکرابێت هەر بە منداڵی دەمێنێتەوە و بەتەنیا یان لەگەڵ ئافرەتەکان نانەخوات هەروەها ناتوانێت لەگەڵ پیاوە خەتەنەکراوەکان ژەمەکانی بخوات. (Turner,1967:152).


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

**3.سرووتەکانی تێپەڕین و خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان**

وەک دەردەکەوێت سرووتەکانی تێپەڕین لەهەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام بەپێی بنیادی کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی لەلایەن سستمی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێت. کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگانەی کە سرووتەکانی تێپەڕینی تێدا بەرجەستەیە و بەرامبەر هەردوو ڕەگەز بەشێوەی جیاجیا مومارەسە دەکرێت.

خەتەنەی کچان یەکێکە لەو پرۆسانەی کە لەمیانەیەوە کۆمەڵگە تەمەنی کۆمەڵایەتی کچ دەستنیشان دەکات و سستمی کۆمەڵایەتی بڕیاردەدات چۆن و کەی دەبێت کچ ژیانی منداڵی جێبێڵێت و بگوازێتەوە بۆ نێو ژیانی ئافرەتان و نهێنییەکانی ئافرەتان و هەر زوو گەورەی دەکات و ئامادەی دەکات بۆ جێهێشتنی گرووپەکەی و چوونە نێو گرووپێکی دیکە کە دەشێ بەو نامۆ بێت و ڕەنگە تەمەنی فسیۆلۆژیشی بۆ ئەو ژیانە نوێیەی گونجاو نەبێت. بەستنەوەی ئافرەت بە شەرەفی پیاوەوە هۆکارێکی زۆر ڕوونە کە سستمی کۆمەڵایەتی بۆ گونجاندن و کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی نەریت و پرۆسەگەلێک دێنێتە ئاراوە تاوەکو بیرکردنەوەی تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگە بگونجێنێت. بۆیە دەبینین یەکێک لە سرووتەکانی تێپەڕین خەتەنەی کچانە، لەلایەکەوە کچ شەرەفی پیاوە و دەبێت پارێزگاری لێبکات، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگە ئافرەتێکی گوێڕایەڵ، کۆنتڕۆڵکراو، ملکەچ، خاتوونی ماڵەوە، پاکیزە و چاکی دەوێت، بۆ پێکانی ئامانجەکانی و دروستکردنی گونجان نەریتی خەتەنە ڕێگەیەکی باشبووە بۆ ئەوەی هەر زوو ئەو منداڵە بچووکە منداڵێتی لێ بسێنرێتەوە، چونکە هەمیشە باوان دەترسان کچەکانیان توشی لادان ببن، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی هەر زوو دەستبکرێت بە ئامادەکردنی کچ بۆ هاوسەرگیری.

بۆ خەتەنەی کچان، پێشتر منداڵە کچەکان کۆدەکرانەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێک خەتەنەیان بکەن و هەر زوو بەشێوەیەکی هێمایی بیانمرێنن. واتە حەز و خولیا و خەونە پەمەییەکانیان لە ناخیاندا بکوژن، بۆ ئەوەی ئامادە بکرێن بۆ ژیانێک، پێگە و ڕۆڵێکی دیکە کە بۆ ئەوان نامۆیە. کەواتە کۆمەڵگە دەیەوێت هەر زوو کچان بۆ هاوسەرگیری ئامادە بکرێن؛ هاوسەرگیرییەک کە نە لەڕووی تەمەن و نەلەڕووی جەستەیی و ئەقڵییەوە منداڵەکە خۆی ئامادە نییە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگە بڕیاردەدات و بەو نەریتی تێپەڕاندنە کۆنتڕۆڵی تاکەکانی دەکات تاوەکو بەوجۆرە بژێن کە سستمی کۆمەڵایەتی بڕیاری لەسەر دەدات نەک لایەنی فسیۆلۆژی.

ئیتر بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەردەوامی و هێز بە دووبارەبوونەوەی ئەو پرۆسەیە بدات پەنا بۆ بەها ئایینییەکان دەبات

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

تاوەکو ڕەوایەتی بە کارەکە بدات، وەک ئەوەی کچی خەتەنەکراو ئاوی دەستی حەڵاڵە و بەپێچەوانەوە ئاوی دەستی حەرامە. کچی خەتەنە نەکراو بێ ئاپروو دەردەچێت، بە پێچەوانەوە کچی خەتەنەکراو کچی چاکە و بەلاڕێدا ناڕوات. بۆ ئەوەی منداڵێک گەورە بوایە دەبوو خەتەنەکرابا ئەوسا دەیتوانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئافرەتانە ئامادەبوایە و گوێی لە قسەو باسە نهێنییەکانیان بوایە، بەڵام بە پێچەوانەوە نەیدەتوانی ئەو شتانە بکات. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی زوو بەشوودانی کچ لە کۆندا هەر ئەوەبێت، کە منداڵی کچ زووتر لە تەمەنی فسیۆلۆژی خۆی گەورە دەکرێت، تاوەکو بچێتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە بێ ئەوەی لەڕووی فسیۆلۆژی و ئەقڵی و توانای جەستەییەوە بۆ بەرپرسیارێتی هاوسەر و پەروەردەکردنی منداڵ، ئامادەکرابێت. منداڵی کچ بۆ قۆناغی هاوسەرگیری دواتریش قۆناغی دایکێتی ئامادە دەکرا و هەتا بەردەوامدەبوو لە ژیان قۆناغەکانی ژیانی بە سرووتەکانی تێپیراندندا تێدەپەڕی.

ئێستا حاڵەتەکانی تێپەڕاندن لەڕێی خەتەنەوە لە هەرێمی کوردستان وەک حاڵەت ماوە و مومارەسە دەکرێت، بەڵام وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکانی نەماون. ئێستا حاڵەتەکانی خەتەنەکردنی کچان زۆر بەنهێنی ئەنجام دەدرێت- وەک چۆن یەکەکانی نموونەکە وەک حاڵەت باسیان کردووە-، هێندە نهێنییە و بەرتەسک بووەتەوە بەجۆرێک لەسەر ئاستی یەک گەڕەک تەنها یەک ئافرەت (دەشێ کەسێکی بەتەمەن و جێی متمانەبێت یان مامانی باوەڕپێکراو یان مامانی مۆڵەتپێدراو لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە لەبەرامبەر پرێک پارە) بەو کارە هەڵدەستێ ئەویش لەژێر پەردەوە، تەنانەت هێشتا هەندێک حاڵەتی وا ڕوویانداوە، کە کاتێک پیاوێک هاوسەرگیری کردووە و بۆی دەردەکەوێت هاوسەرەکەی خەتەنە نەکراوە بردوویەتییە ئەو شوێنانە و داوای کردووە خەتەنە بکرێت، هۆکارەکەشی هەر ئەو بیرکردنەوە کۆنەیە بۆ ئەوەی شتی دەستی حەڵاڵ بێت و بتوانرێت کۆنترۆڵی ژیانی سێکسی بکرێت.

## 4.سەرمایەی هێمایی و خەتەنەی کچان

چەمکی سەرمایە یەکێکە لە چەمکە جەوهەرییەکانی کۆمەڵناسی فەڕەنسی (پییر بۆردیۆ)(Pierre Bourdieu )(1930-2002)، ئاشکراشە ئەم چەمکەی لە ئابووریناسی و تیۆری مارکسیزمەوە وەرگرتووە، بەڵام سەرمایەی بۆردیۆ بەشێوەیەکی بەرفراوانە و بیرکردنەوەیەکی دیکەی خستووەتە ڕوو، بەجۆرێک سەرمایە دەشێ مادی یان نامادی بێت. لەگەڵ ئەوەی بۆردیۆ هەندێک لە بیرۆکەکانی سەبارەت بەم بابەتە لە کار و سەرمایەی مارکسەوە وەرگرتووە، بەڵام شیکردنەوەکانی بۆ ئەم چەمکە زۆر جیاوازترن. بۆردیۆ پێیوایە سەرمایە شێوەیەکی


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

سەروماڵە کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی هێز بەهەموو جۆرەکانییەوە (Ozturk,2005:147).

لای بۆردیۆ سەرمایە هەموو وزەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەکاردەهێنرێت وەک ئامرازێک بۆ کێبڕکێ، بەمپێیەش سەرمایە سەرچاوەی هەژموون و ململانێیە، ئەگەرچی لایەنەکانی ململانێ درک بە لایەنی بەرامبەریان لە ململانێکە نەکەن.(بزاز،98:2006). بۆردیۆ چوار جۆری سەرەکی سەرمایە لێک جیادەکاتەوە ئەوانیش: سەرمایەی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و هێمایی. بەمجۆرە ئەو پێیوایە جیهانی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت وەک فەزایەکی چەند ڕەهەندی (Multi-Dimensional Space) دەرکی پێبکرێت کە لەمیانەی باڵادەستبوون بەسەر فۆرمە جیاوازەکانی سەرمایەوە دروستدەبێت. جگە لە سەرمایەی ئابووری کە پەیوەستە بە موڵکوماڵەوە، ئەوا جۆرەکانی دیکەی سەرمایە شیوەیەکن لە شێوەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا (Ozturk,2005:147) هەروەها بۆردیۆ پێیوایە شێوە نائابوورییەکانی سەرمایە سەرنجەکان بۆ شێوەی دیکەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی کۆمەڵایەتی ڕادەکێشێت، کە شاراوەن (Turner,1967:558)

ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرمایەی هێماییە، کە لای بۆردیۆ بریتییە لە سەرچاوە بەردەستەکانی تاک و لە ئەنجامی خاوەندارێتی بۆ خەسڵەت و سیمای دیاریکراوەوە –تاک- دەستی دەکەوێت، لەو سیمایانەش: شەرەف (Honor)، شکۆ ناووناوبانگی (Prestige)، باش(Renown)، کە هەموو ئەمانە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەرکیان پێدەکرێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت (Bourdieu,1985:197)، ئیتر لەلایەن بکەرە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەرکی پێدەکرێت هەر وەک خاوەندارێتی بۆ سەرمایەکانی دیکەی وەک کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری و بەهایان پێدەبەخشێت. ئەم سەرمایە هێماییە ڕۆدەچێتە نێو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە خەسڵەتی شەرەف، ماناگەلێکی ئەخلاقی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێک ئەو تاکەی خاوەنی شەرەفە (وەک بەها و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت)، ئەوا بە کەسێکی شەرەفمەند لەقەڵەم دەدرێت، ئیتر کەسی شەرەفمەند ڕیزی لێدەگیرێت و متمانەپێکراوە بەپێی ئاستی ئەو سەرمایە هێماییەی کە هەیەتی. هەروەها ئەم جۆرەی سەرمایە بۆ ئەوەی کەڵەکەبێت پێویستی بە ماندوبوونی بەردەوام هەیە بۆ پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییانەی کە وەبەرهێنانی مادی و هێمایی بۆ تاک دەکەن (Fuchs,2003:392). بۆردیۆ هەوڵیداوە ڕەهەندە هێماییەکەی ڕەفتاری مرۆیی دەربخات و پێیوایە هیچ شتێک لە هێماییبوون بەدەر نییە (بزاز،98:2006).

## 5.سەرمایەی هێمایی و خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

وەک چۆن لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا، سەرمایەی هێمایی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک پێکدەهێنێت و هەموو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و کردەیەکی کۆمەڵایەتی مانای هێمایی خۆیان هەیە و هیچیان لە هێماییبوون بەدەر نین. بەمجۆرە دەتوانرێت بگوترێت پرۆسەی خەتەنەکردنی کچان یەکێکە لەو ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتی و کولتووریانەی کۆمەڵگە نەریتییەکان دایانهێناوە بۆ بەدەستهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی سەرماییەی هێماییان و وەک هێزێک تاکەکان بەکاری دەهێنن بۆ خۆسەلماندن لەنێو کۆمەڵگەدا.

ئافرەت لە کۆن و ئێستاشدا لە هەرێمی کوردستان یەکسانە بە شەرەفی خێزان و سستمی کۆمەڵایەتی بەهایەکی باڵای بە شەرەف بەخشیوە، خێزانیش بەردەوام لەهەوڵی پاراستنی ئەو شەرەفەدابووە بۆ ئەوەی بتوانێت سەرمایەی هێمایی خۆی دەوڵەمەند بکات. ئیتر هەموو کارێکی دەکرد بۆ پاراستنی ئەو شەرەف و شکۆیە تاوەکو ناووناوبانگی نەزرێت و لە پێگەی کۆمەڵایەتی هیچ کەم نەکات، ئیتر بەهای بە یەکێک لەو نەریتانەداوە، کە ئەویش خەتەنەی کچانە و وەک هێمایەک هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، بەمپێیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵپەی بەدەستهێنانی سەرمایەی هێمایی دەکەن و کەسیان ئامادە نیین شەرەفیان لەکەداربێت، ئەگەریش ئەو شەرەفە خوێنی خێزانێکیش بێت (کاتێک کچەکانیان دەدەنە بەردەست کەسێکەوە کە خەتەنەی بکات و ئازاری پێ بگەیەنێت)، بۆیە هەر هەموو کۆمەڵگە لە سەردەمێکی دیاریکراودا ناچاربوون پابەندی نەریتی خەتەنەی کچان بن، ئیتر بۆ ئەوەی سستمی کۆمەڵایەتی بەردەوامی بەو نەریتە بدات بەستویەتییەوە بە پێگەی ئایینی تاکیشەوە، بەوپێیەی خێزانی خاوەن کچی خەتەنەکراو موسوڵمانن و ئەوانیکە موسوڵمان نین، کە ئەمەش بۆخۆی پیگەی کۆمەڵایەتی خێزانی بەرزدەکردەوە لەمیانەی ئایینەوە، بەجۆرێک خەتەنەی کچان یەکێکبووە لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندن و بەرزکردنەوەی سەرمایەی هێمایی.

کۆمەڵگە بەهۆی خەتەنەکردنی کچانیانەوە کێبڕکێیان دەکرد بۆ دەستکەوتنی هەژموونێکی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی پاکیزەیی، ملکەچییەکی گەرەنتیکراو و ناوبانگێکی باشتری بنەماڵەکانیان کە کچی چاکیان هەیە، بەمپێیە سەرنجی خەڵکیان زیاتر ڕادەکێشا کە پێشبڕکێ بکەن بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کچەکانیان، بەشیوەیەک لەمیانەی خەتەنەکردنی کچانیانەوە دەیانتوانی سەرمایەی هێمایی (شکۆ و ناووناوبانگی چاک) بگۆرن بۆ سەرمایەکانی دیکەی وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی(بەدەستهێنانی متمانە و خۆشەویستی)، سەرمایەی ئایینی (خیزانێکی موسوڵمان و


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

لەخوا ترسن و سوونەتەکانی پێغەمبەر (د.خ) جێبەجێ دەکەن).

پەیڕەوکردن لە نەریتی خەتەنەی کچان تا ساڵانی (2000)یش بەشێوەیەکی بەرفراوان هەر بەردەوامی هەبووە (سایتی کتێبخانەی ئەنجومەنی باڵای خانمان، (20/6/2020)، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، وورده وورده بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە نەریتی خەتەنەی کچان بەهای خۆی لەدەستدا بەشێوەیەکی گشتی و سستمی کۆمەڵایەتی لەمیانەی دامەزراوەکانییەوە مانا هێماییەکانی ئەو نەریتەی بە ئاراستەیەکی دیکەدا بردووە، بەجۆرێک هێمای دواکەتوویی و نەزانی و وەحشیگەری و هەژاری داوەتە پاڵ و بەها ئاینییەکەشی لێ سەندووەتەوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بگەڕێتەوە وەک هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاتر، بەجۆرێک خەسڵەتی دیکە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی هێمایی دەستەبەربوون و بەهایان پێبەخشراوە کە هەژموونی زیاتریان هەیە و ماناکانی شەرەف و ناووناوبانگ و شکۆ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەرچی هێشتا ئافرەت شەرەفی خێزانە، بەڵام پاراستنی ئەو شەرەفە چیتر بە خەتەبەکردنی کچانەوە گرێنەدراوە وەک چۆن باوبوو، ئێستا چیتر بەو ووزەیەی وا لە کۆندا هەیبوو، خەتەنەی کچان هێمایەک نییە بۆ پاراستنی پاکیزەیی و پاراستنی شەرەف و حەیاو نامووسی خێزان و ناووناوبانگ و شکۆ، بەڵکو هێمای دیکە بوون بە سەرمایە بۆ ئەوەی خێزان شەرەفمەندی خۆی بسەلمێنێت و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانیان بدات. هەربۆیە وورده وورده حاڵەتەکانی خەتەنە لە هەرێمی کوردستان بەرەو کەمبوونەوە چووە.

### 6.شیکردنەوەی تیۆرە فێمینزم و پۆستمۆدێرنەکان سەبارەت بە خەتەنەی کچان

بزوتنەوە فێمەنیزمەکان و مۆدێرنە لەو پروایەدان کە هۆکاری سەرەکی خەتەنەی کچان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی بەترياركی لەسەر جەستە و بابەتی سێکسی ئافرەت، بەجۆرێک ئافرەت ملکەچی سستمێکی ئەخلاقی و بەهایی باوی کۆمەڵگەیە و بە بێدەنگی و ملکەچی و چەپێنراوی دەمێنێتەوە. ئیتر لەو کۆمەڵگانەی نەریتی خەتەنەی تێدا باوە، ئافرەت لەڕێگەی ئەم نەریتەوە دەتوانێت شوناسی کۆمەڵایەتی خۆی دەستبخات-وەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا باوە- هەروەها پارێزگاری کردن لە ئافرەت و گەرەنتیکردنی لایەنی ئابوورییەکەی لەمیانەی بەشودانیەوە، ئیتر لەڕێگەی ئەمەشەوە دەتوانێت لەنێو خێزانەکەیدا هەندێک دەسەڵات وەربگرێت. هەروەها فێمەنیستەکان پێیانوایە ئەگەر گۆڕانکاری لەم نەریتە، کە خەتەنەکردنی کچانە، بکرێت ئەوا هەلی زیاتر و زۆرتر بۆ ئافرەت لەو کۆمەڵگانەدا دەڕەخسێت.

بەڵام سەبارەت بە تیۆرەوانە مۆدێرنەکان، ئەوا پێیان وایە خەتەنەی کچان لەو کۆمەڵگە

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

باوکسالارەکاندا باوە، بەجۆرێک لەو کۆمەڵگانەدا وەک چۆن خاوەندارێتی زەوی و زار دەکرێت ئاواش خاوەندارێتی ئافرەت دەکەن، ئیتر لەڕێگەی –خەتەنەوە و- هاوسەرگیرییەوە بێت. هەروەها ئەمان پێیان وایە تێپەڕینی کۆمەڵگە بەرەو بەشارستانی بوون و خوێندەواری و گەشەسەندنی ئابوری ئیتر فۆرمی خاوەندارێتی بۆ زەوی و زاردەگۆڕێت و لەگەڵیدا هەڵویستەکانیش بەرامبەر بە ئافرەت گۆڕانیان بەسەردا دێت و ئەو ئەو خاوەندارێتیە ئەمانیش لاواز دەبێت و خەتەنەی کچانیش هێندە گرنگیان نامێنێت. ئاشکرایە ئێستا خەتەنەی کچان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و تایبەتی هەیە و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان پشکداربوون لە ئەنجامدانی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و زۆربەی ئافرەتانیان ناچارکردووە پابەندی ئەو پێوەرانەی کۆمەڵگە بن (Ouedraogo,2009:5)

دابونەریتەکان –لەو کۆمەڵگە نەریتیانەدا-زۆر بەهێزن تا ئەو ڕادەیەی کە وایکردوە کچان خۆیان مەیلیان هەیە بۆ ئەوەی خەتەنەبکرێن، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو فشارە کۆمەڵایەتییەی کە دووچاری دەبنەوە لەلایەن کەسە نزیکەکانیان یان بەهۆکاری ترساندن و تۆقاندنی ئەو کچانە لە ئەگەری خەتەنە نەکردنیان، لەبەر ئەوەی نەبادە دووچاری پەراویزخستن و قبووڵنەکردن ببنەوە لەلایەن کۆمەڵگەکانیانەوە. خەتەنەی کچان بەشێکی گرنگی شوناسی کولتووری سێکسیان پێکدەهێنێت. هەروەها ئەنجامدانی ئەم نەریتە ڕەنگە هەستی شانازیکردن بە گەورەبوون و بەخشینی هەستی ئینتمابوون بۆ کۆمەڵگە لای ئافرەت دروستبکات. تێگەیشتن لە خەتەنەی کچان بەوپێیەی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە لەنێو کۆمەڵگە، تێڕوانینێکی قوڵمان پێدەبەخشێت سەبارەت بە هۆکاری پەسەندیی ئەو ئافرەتانەی خەتەنەکراون و بەدەستی شوێنەوارە تەندروستییەکانی ئەو نەریتەوە بە درێژایی ژیانیان دەناڵێنن. (Owino,2016) ئیتر لەبەر ئەو پەسەندی و پێگە بەرزەیە، ئافرەتان بەرگری لە بوونی خەتەنەی کچان دەکەن لە کۆمەڵگەکانیاندا. ئەوە مانای وانییە کە ئەوانە نازانن ئاکامەکانی خەتەنە لەسەریان چەندەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بەرگیری لە خەتەنە وا تەماشادەکرێت کە پێگە و پارێزراوی لەدەست دەدەن و دەبنە جێگەی گاڵتەجاری و بەکەم تەماشاکردنیان. ئەم تێگەیشتن و شیکردنەوەی بۆ خوێندنەوەی خەتەنەی کچان ئەو هۆکارانەشمان بۆ دەردەخات بۆچی ئەو خێزانانەی باس لەوە دەکەن کە دەبێت واز لە خەتەنە بهێنرێت و کارێکی قێزەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کچەکانیان دەدەنە بەردەستی ئەو نەریتەو و خەتەنەیان دەکەن، ئەوەش لەبەر بوونی سزای کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگە لەلایەنی کۆمەڵگەوە ڕووبەرووی ببنەوە، چونکە بیروباوەڕەکان بەجۆرێکە کە


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

ڕیگەیەکە بۆ چاندنی عورف و بەها و ئەخلاق لە ناخی کچان هەر لە منداڵییەوە تاوەکو بۆ هاوسەرگیری ئامادەکراو بن.

## چوارەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

تـــــــوێژینەوەی بەردەســـــــت توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و میتۆدی (شــــــیکردنەوەی نـــــــاوەڕۆک) بەکارهێنراوە بۆ چوارچێوە تیۆریەکە و چۆنیەتی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکــــــان. نمــــــوونەی ئەم تـــــــوێژینەوەیە (نمــــــــوونەی مەبەستدار)ە، ئەو ئافرەتانە بوون بە یەکەی توێژینەوە کە خەتەنەکراون و کاریگەرییەکـــــانی ئەو نەریـــــتە کـۆمەڵایەتییە لە ژیـانی ڕۆژانەیانــدا ڕەنگـــدانەوی هەبـــووە، هەروەهـــا جۆری نمـوونەکە (تـۆپەڵە بەفرین)ە، لەبەر ئەوەی لە شـــێوەی تـــۆپەڵە بەفــرین ئەو ئافرەتــانە دۆزراونەتەوە، ئاشـــکرایە هێشـــتا لە کــــۆمەڵگە باسکردن لە بابەتی خەتەنەی کچان هەســـتیارە و بە ئاشـــکرا خەڵکــی قسەی لەسەر ناکەن. چاوپێکەوتنی (نیمچەکراوە) لەڕێگەی (تلیفـۆن)ەوە ئەنجامـدراون، کە مـاوەی هەمووبـان لەنێــــوان (30-45) خولەکـــــدابووە. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لەبەر چەند هۆکارێک بووە: بوونی پەتای کۆڕۆنـا، هەسـتیاری بـابەتەکە و بەرفراوانـی سنووری جوگرافی، کە نموونەکە لە پارێزگـــا و شـــارەکانی (دهـــۆک، ســـلێمانی، هەڵەبـــجە، قەڵادزێ و ڕانیە و هەولێر) وەرگیـراون. قەبارەی نمـوونەکە لە (15) ئـافرەت پێکهـاتووە (10)یـان تەمەنیـان لەنێـوان (28-45) ساڵی و (5)پشیان تەمەنیان لەنێـوان (50-70)سـاڵیدایە. سـەرەتا هەمـوو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بابەتەکە بـۆ نمـــــوونەکە باســـــکراوە، دوای ئامادەبوون و وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی، ئینجـا پرسـیارەکانی ئاراسـتە کـراون سەبارەت بە هۆکـارە کـۆمەڵایەتی و کولتوورییەکــانی پشـــت خەتەنەی کچــان و کـاریگەرییە کـۆمەڵایەتی و دەروونییەکـانی ئەم نەریـتە لەســەر ژیانی ئافرەت.

## پێنجەم: هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خەتەنەی کچان

وەک لەســــــەرەوە باســــــکرا، خەتەنەی کچـــان پەیوەنـــدییەکی توونـدی بە سسـتمە کـۆمەڵایەتییە جیاجیاکـانەوە هەیە کە تـا ڕۆژگـاری ئەمڕۆش کەم تـا زۆر خەتەنەی تێـدا ئەنجامــدەدرێت. کۆمەڵێــک هۆکــار ڕۆڵیــــان هەیە لە ئەنجامـــــدانی خەتەنەی کچــان وەک ســـرووتێکی تێپەڕینــــــی کــــــۆمەڵایەتی و ســـەرمایەیێکی هێمــایی کـــچ لەو کۆمەڵگانەی خەتەنەی تێدا دەکرێت، بەدەســتی دەهێنێــت. بێگومـان ئەو هۆکـارانە هەریەکەیـان وەزیفەیەکـی کۆمەڵایەتییـــــان ئەنجامـــــداوە لە چوارچێـوەی سسـتمە کـۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

بەگشتی لە کولتوورە جیاوازەکاندا یەکێک لەو هۆکـارانەی وادەکەن ئەم نەریـــتە لە کــۆمەڵگە جیاوازەکانـــدا بەردەوامــی هەبێــت ئەوەیە کە ئەو

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

کەسانەی خەتەنەی کچان دەکەن، خەتەنەکردنیان وەک پیشە هەڵبژاردوە و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن خەڵکی ئەنجامی بدەن، ئیتر بە ئایین و بە بابەتی تەندروستی و ئەفسانەی دیکە ڕەنگڕێژی دەکەن، ئەگەرچی ئێستا توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە خەتەنەی کچان پەیوەندی بە ئایینێکی دیاریکراوەوە نییە و لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بوونی هەیە و لە (92) وڵاتی جیهان ئەنجام دەدرێت. هەروەها بیروباوەڕەکان وابووە کە خەتەنەی کچان بۆ تەندرووستی کچان بەسوودە و نەکردنی ڕەنگە ببێتە هۆی منداڵ نەبوون و مردنی منداڵ لەکاتی لەدایکبوونی. هۆکارێکی دیکەی خەتەنەی کچان دەگەڕێنرێتەوە بۆ پاکوخاوێنی و جوانکاری ئەندامی زاوزێی مێینە(Glover, al.2017:220)

هەموو نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە، کە ئەو کاتەی ئەوان خەتەنەکراون بیروباوەڕەکان وابووە کە سوونەتێکی ئاینییە و نەکردنی کوفرە و حەرامە. هەربۆیەش کەس بوێری ئەوەی نەبووە کچی خۆی خەتەنە نەکات. هەروەها نەنگی و شوورەییبووە بۆ ئەو دایک و باوکەی کچەکەیان خەتەنە نەکردبا و ئەم حاڵەتە لەنێو هەموو چین و توێژەکان و لە شار و لادێ پەیڕەو دەکرا. هەموو ئەوەش بۆ پاراستنی کچان بووە لە لادانی سێکسی و کۆنترۆڵکرنی پاکیزەییان و حەڵاڵکردنی ئاوی دەستیان و پابەندبوون بە سوونەتە ئاینییەکانەوە-بە بڕوای خۆیان-.

هەروەها هەندێک لە نموونەکە باسیان لەوە دەکرد، کە جاران واباوبووە خەتەنەکردن منداڵی کچی ئامادەدەکرد، کە زووتر بەشوو بدرێت و وەک منداڵ نەمێنێتەوە. هەروەها خەتەنەکردن پەیوەندی بە شکۆمەندی خێزانەوە هەیە و ناو و ناوبانگی خێزان لەکەدار دەبوو، ئەگەر کچی خۆیان خەتەنە نەکردبوایە.

هۆکارێکی سەرەکی خەتەنەی کچان لە هەرێم پەروەردەکردنی ئافرەتێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ و پێگەیشتو، ئەگەریش تەمەنی منداڵبێت، واتە خەتەنە وەزیفەی ئەوەیە ئافرەت دەکات بە خانم و وای لێدەکات دانبەخۆداگریێت لەبەرامبەر مەسەلە سێکسییەکاندا. هۆکارێکی دیکەی خەتەنەی کچان بۆ نزمی ئاستی مەعریفی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاک و خێزانەکان دەگەڕێتەوە. هەموو تاکەکانی نموونەکە جەختیان کردووەتەوە کە ئەوان کاتێک خەتەنەکراون، ئەم نەریتە بە دەروەستەبوون بۆ ئایین لەقەڵەم دراوە، بەڵام ئێستا ئاستی مەعریفەی ئایینی و تێگەیشتنی خەڵکی لە ئایین بۆ خێزان دەرکەوتووە کە خەتەنەی کچان هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نییە. ئێستاشی لەگەڵدابێت خەڵکێک بەهۆی نزمی ئاستی خوێندەواریان و نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتییان ئێستاش لە هەندێک شوێنی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە هەندێک لە لادێکان خەتەنە ئەنجامدەدرێت.


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

هەمــــوو یەکەکــــانی نمــــوونەکە جەختیانکردووەتەوە کە ئەو دایکانەی خۆیــان خەتەنەکــراون ئامــادە نیــین منداڵە کچەکانیان خەتەنەبکـرن. ئەو خێزانە لاوانەش، کە منـداڵی کچیـان هەیە بەهیچ شێوەیەک ئامـادە نیـین هەر باسی خەتەنەی کچەکانیشیان لەگەڵدا بکرێت و، تەواو بابەتەکەیـان ڕەتکـردوەتەوە. لێـرەدا دەردەکەوێــت کە گۆڕانی فۆڕمی خێزان لە خێزانـی درێژەوەبــوو بــۆ خیزانــی بچــووک و نــاوەکی ڕەنــگە ڕۆڵــی بینیبێــت لە کەمبـــوونەوەی نەریتـــی خەتەنەی کچان.

کەواتە ئەو هۆکارانەی واباسـکران هەریەکەیـــــان وەزیفەیەکــــــی کۆمەڵایەتییـــان ئەنجامــــداوە وەک پێـدانی پـێگە و ڕۆڵـی پەسـەندکراو لەلایەن سسـتمی کـۆمەڵایەتییەوە. کۆنترۆڵکردنی ژیانی تـایبەتی کچـان هەر لە منـــــــــــــــداڵییەوە، دەستنیشـــانکردنی پێگەیشـــتوویی کــــچ لەڕووی کــــۆمەڵایەتییەوە و ملکەچکپێکردنـی بـۆ بیرکـردنەوە لە ماڵوحـــــــاڵی هاوســــــەرداری. لەبەرامبەردا دەکرێت تیشک بخەینە ســـەر ئەو هۆکــارانەی کە بــوونەتە هـۆی کەمبـوونەوەی ئەم نەریـتە لە هەرێمـــی کوردســـــتان، لەوانەش: گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی و تێگەیشـتنی خەڵـک لە پـێگە و ڕۆڵـی ئـافرەت و بەرزبـوونەوەی ئاسـتی خوێنـدەواری بەگشـــتی و خوێنـــدەواری ئـــافرەت بەتــایبەتی، دواجــار بەرزبــوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

زۆر گـــــــرنگە لە هۆکـــــــارە کۆمەڵایەتییەکـانی خەتەنەی کچـان تێـبگەین بـۆ ئەوەی بزانرێـت چەنـدە ئەم نەریتە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ بەگشـــتی و ئافرەتـــان بەتـــایبەتی دەکـــــات، ئەویـــــش لەمیـــــانەی بێبەشـکردنی ئـافرەت لە پاراسـتنی سـەلامەتی جەستەیی و ئەقڵی.

## شەشەم: کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی خەتەنەی کچان

توێژینەوەکان سەبارەت بە کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسیەکانی خەتەنەی کچان هێشتا تەواو و کامڵ نین، ئەم بابەتە زۆر گرنگی پێ نەدراوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەستیاری بابەتەکە، کە مەسەلەیەکی شاراوە و قسە لەسەرنەکراوە، ئەمە وایکردووە پوختەکردنەوەی ئەنجامەکان زۆر وورد نەبن، لەگەڵیشیدا بەڵگەکانیش کامڵ و بەهێز نین بۆ پوختەکردنی شوێنەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خەتەنەی کچان ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوە لەمبارەیەوە دەیسەلمێنن کە ئافرەتی خەتەنەکراو لە ژیانی سێکسیدا ئاسوودە نابێت و دووچاری ئازار و تێر نەبوون دەبێتەوە (Norwegian Knowledge Centre for the Health Services, 2010). خەتەنەی کچان کردەیەکە لەسەر ئاستی جیهان سەلمێنراوە کە ڕەگوریشەیەکی کولتووری هەیە، ئەمە تەنها توندوتیژییەکی ئاشکرا نییە بۆسەر مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو چەندین لێکەوتەی تەندروستی و

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

دەروندروستی و کۆمەڵایەتی دەبێت لەسەر ئافرەت و ئاماژەگەلێکی ناتەندروستی خراپ لەسەر ئافرەتی خەتەنەکراو جیدێڵێت.(Kimani,2016:2)

زۆربەی تویژینەوەکان کاتێک زانیاری لە قوردبانیانی خەتەنە وەردەگرن، زۆر گرنگی بە لایەنی سیکسی ئەو ئافرەتانە نادەن و ئافرەتەکان خۆشیان لەڕوویان نایەت بەسەر ئەو بابەتەدا بە ووردی بپرژێن، سەرەرای ئەوە، کەمن ئەو توێژینەوانەی ڕێگەیان بە قوربانیان دابێت کە گوزارشت لە ژیانی تایبەتیان بکەن(Glover, al.,2017:220) یان قوربانیان ئاستی هۆشیاریان لەو ئاستەدا نییە کە باسی بکەن یاخود نایانەوێت باس لەشتێک بکەن کە پێیان وایە نەریتە و فشاری کۆمەڵایەتییان لەسەرە بەهۆیەوە. ئەگەرچی هەموو یەکەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەست باسی ئەوەیانکردووە، کە ژیانی سێکسیان سارد و سڕە و ئاسودە نیین بەگشتی، هەوەها لەکاتی منداڵبوونیشیاندا ئازارێکی یەکجار زۆریان هەبووە و هەیە، بەڵام نازانن ئاخۆ پەیوەندی بە خەتەنەکردنیانەوە هەیە یان نەء.

لەم تویژینەوەیەدا زۆربەی یەکەکانی نموونەکە جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە تاماوەیەکی زۆر بەینیان لەگەڵ باوانیان بەتایبەت دایکانیان باش نەبووە، چونکە -کاتێک کە دایکانیان- خۆیان خەتەنەکراون و زانیویانە بابەتەکە ئازاربەخشە و شوێنەواری جەستەیی و دەروونی و تەندروستی دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا، ڕازیبوون بەدەستی خۆیان ئەو کارە بەرامبەر بە کچەکانیان بکەن. کەواتە دەشێ یەکێک لە کاریگەرییەکان لاوازبوونی پەیوەندی نێوان کچ و باوانیان بێت، کە دواجار بێ متمانەیی و دڵەڕاوکێ و هەستی بێ پاڵپشتی لای منداڵ دروست دەکات.

کاریگەرییەکانی خەتەنەی کچان بەپێی چەندێتی لابردن و بڕینی ئەندامی زاوازێی ئافرەت دەگۆڕێت، توێژینەوەکان نزیکەی (5)کاریگەرییان دەستنیشان کردووە، کە ڕەنگە ئافرەتی خەتەنەکراو لەڕووی تەندروستییەوە دووجاریان ببێتەوە، لەوانەش: کاریگەرییەکانی ساتەوەختی خەتەنەکردن، کێشەی میزەڕۆ و ئەندامی زاوزێ، کاریگەرییەکانی لەکاتی منداڵبوون، لەکاتی ئەنجامدانی سێکس و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. لەهەندێک لەو وڵاتانەی خەتەنە بەشێوەیەکی بەرفراوان و لە جۆرەی سێیەم تێیدا باوە، زۆربەی کات ئەنجامدانی خەتەنە دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی کتوپر، ئایدز، یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارێکی زۆر و شۆکبوون و مردنی دەستبەجێ و هەندێکجار زۆربەی ئەم کاریگەریانە لەسەر ئافرەت بەدەردەکەون لەیەک کاتدا (Kimani,2016:5) ئەم کاریگەرییانە لە هەرێمی کوردستان بەوجۆرە نەبوون، لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیە خەتەنە لەجۆری یەکەمە بەگشتی و هەندێک لە حاڵەتەکان، کە یەکەکانی نموونەکە ئاماژەیان


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

پێکردووە، دووچاری خوێنبەربوون بوونەتەوە، پاش ماوەیەک لە شوێنی پڕینەکە کێم و هەوکردنی ئەو ئەندامە دروست بووە و ناچاربوون بە نەشتەرگەری چارەیان بۆ بکەن، هەندێکیان لەکاتی ئەنجامدانی خەتەنەدا تۆقیون، هەندێکیان بۆ چەند کاتژمێرێک لەهۆشی خۆیان چوون، هەندێکی دیکە باسی خوشک و خزمانیان دەکەن کەچۆن بۆ شەووڕۆژێک لەترسان و لە ئازاریان نەنوستوون و لە باوەشی دایکانیان ڕایانکردووە. هەندێکی دیکە لە نموونەکە باس لەوە دەکەن تاماوەیەکی زۆر بۆ چەند ساڵێک هەر خەوی ناخۆشیان بینیوە و خەویان بەو پیرەژنە بینیوە کە یەکەمجار خەتەنەیکردوون، ئەم حاڵەتە توشی دڵەڕاوکی و کەم خەوی و ترس و تۆقینی کردوون. هەروەها ئێستاش وێنە و یادگاری ئەو ئێوارەیەیان لەپێش چاوە و بیرهاتنەوەی دووجاری خەمۆکی و بێزاریان دەکات و نەفرەت لە ئافرەتبوونیان دەکەن.

بەمشێوەیە کۆی ئەو حاڵەتە دەروونییەی ئافرەتی خەتەنەکراو دووچاری دەبێتەوە دەشێ هەستی خۆبەکەمزانی و متمانەبەخۆ نەبوون لای ئافرەت دروستبکات، دواجار ڕەنگە دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی بەدوادابێت و بەرامبەر بەوانی دیکە شەرم دایبگرێت، هەندێک جاریش ڕق هەڵگرتن لە باوان و ڕقبوونەوە لە ڕەگەزی بەرامبەر. هەروەها هەندێک لە توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئافرەتی خەتەنەکراو دووچاری خوێنبەربوون و دڕانی ئەندامی زاوزێی دەبێتەوە (Kirigia,2018:53). لەبەر ئەوەی هەموو حاڵەتەکانی خەتەنە بەدەر لەویست و ئیرادەی کچەکەیە، بۆیە ئەنجامدانی دەبێتە هۆی کەمی متمانەبوون بە خودو ناجێگیری هەست و سۆز هەروەها ناتوانن بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان بدەن و خاوەن بژاردەی خۆیان بن و سەربەخۆ و ئازاد نابن.

زێتر لەوەش، لەو کۆمەڵگانەی کە خەتەنەی تێدا بەربڵاوە، دەشێ نەکردنی خەتەنەش ئاکامی خۆی هەبێت وەک: ئەو باوک ودایکانەی کچانیان خەتەنە ناکەن دووچاری فشاری کۆمەڵایەتی دەبنەوە و کچانیان ناتوانن لە بۆنە و ئاهەنگەکان بەشدار بن و دەستکەوتنی هاوسەر بۆ کچەکانیان دەبێتە کارێکی ئەستەم. هەروەها پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەدەست دەدەن و ترس لە سزای کۆمەڵایەتی ڕەنگە ناچاریان بکات کچەکانیان خەتەنەبکەن، ئەگەرچی خۆشیان دژی ئەو کارە بن.( Grose, al.2019:90). وەک نموونەی توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوکاتەی ئەوان خەتەنەکراون نەریتەکە هێندە بەهێزبووە باوانیان نەیانتوانیوە لێی لابدەن، هەروەها هەندێک لە خیزانەکان بۆئەوەی دووچاری سزای کۆمەڵایەتی نەبن، کاتێک کچەکانیان خەتەنە نەکردووە وایان بڵاوکردووەتەوە کە کچانیان خەتەنەکراون و پابەندبوونە بە سونەتەکانی ئایین و دابوونەریتە کوردەوارییەکەیانەوە، بەمشێوەیە هەندێک لە خێزانەکان ئەم بابەتەیان

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

بە نهێنی دەهێشتەوە تەنانەت پیاوی ماڵەکەش پێی نەدەزانی، ئیتر ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ ئافرەتان دروستدەکرد، نەکا ڕۆژێک بابەتەک بدرکێنن و دووچاری کێشە ببنەوە.

## حەوتەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

1-خەتەنەی کچان نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و بریتییە لە بڕین و لابردنی بەشێکی ئەندامی زاوزێی مێینە بەهۆکارگەلێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی.

2- بۆ بەردەوامبوون و هێشتنەوەی خەتەنەی کچان وەک نەریت، هەمیشە بەبەرگێکی ئایینیەوە پیجراوەتەوە، هەندێکجار چەندین ئەفسانە و چیرۆکیان پیوە لکاندووە.

3- ئەم نەریتە لە زۆرێک لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەنجامدەدرێت و ڕەگوریشەیەکی لە بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکانی وەک ئەفریقیا و هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانیش بەشێکە تێیدا، هەیە. ئەم نەریتە هێندە بە بنیادی کۆمەڵایەتییەوە لکێنراوە، پەڕیوەتەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەڕێگەی ئەو کۆچبەرانەوە کە لەو وڵاتانەدا نیشتەجێن.

4- هۆکارەکانی خەتەنە بەپێی ناوچەکان و بەتێپەڕبوونی کات و کولتووری کۆمەڵگە دەگۆڕێت. 5- لەو هۆکارانەی کە لە کۆمەڵگەکاندا زۆر باوە: خەتەنە وەک عورف و پێوەرێکی کۆمەڵایەتی فشاری کۆمەڵایەتی بۆ تاک و خێزان دەهێنێت هەروەها وەک پێویستییەک بۆ دەستخستنی پەسەندی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵگەوە. خەتەنەی کچان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا وەک زەرورەتێک و بەشێک لە پەروەردەکردنی ئافرەت لەقەڵەم دەدرێت بۆ ئامادەکردنی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری.

6- خەتەنە بۆ پاریزگاریکردنە لە کچ بۆ ئەوەی بە پاکیزەیی بمێنێتەوە تاوەکو هاوسەرگیری دەکات، هەروەها بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بێت و لەخزمەتی ئەودابێت.

7- بەهۆکاری هۆشیارکردنەوە و تێگەیشتنی دروست لە ئایین، ئیتر بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان و گۆڕانی کۆمەڵگەو کرانەوەی بەڕووی کۆمەڵگەکانی دیکەدا، ئیتر ووردە ووردە حاڵەتەکانی خەتەنەکردن لە هەرێمی کوردستان بەرەو کەمبوونەوە چووە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا بنەبڕنەبووە.

8-ئێستا لە هەرێمی کوردستان خەتەنەی کچان بووە بە کاریکی قیزەوەن و چیتر سرووتێکی تێپەڕاندنی کچ نییە بۆ نێو ژیانی هاوسەرداری، بەڵکو فۆرمی دیکە و کەناڵی دیکە هاتوونەتە گۆڕێ و جێگەیان گرتووەتەوە.

9-ئێستا خەتەنەی کچان هێمایەک نییە بۆ پاراستنی پاکیزەیی و پاراستنی شەرەف و حەیاو نامووسی خێزان و ناووناوبانگ و شکۆ، بەڵکو هێمای دیکە بوون بە سەرمایە بۆ ئەوەی خێزان


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

شەرەفمەندی خۆی بسەلمێنێت و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانیان بدات.
10- خەتەنەی کچان چەندین کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەروونیی درێژخایەنی دیار و شاراوە لەسەر قوربانیان دروست دەکات وەک: نەمانی متمانەبەخۆبوون و دوورەپەرێزی و فشاری کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی قوربانیان.

## هەشتەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### 1.پێشنیازەکانی توێژینەوە:

1_ئەگەرچی ئێستا لە هەرێمی کوردستان خەتەنەی کچان وەک دیاردە بوونی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ناوچەیەکی دوور لە شارەکان وەک حاڵەت هەر ماوە، ئەمە وامان لێدەکات، کە پێشنیازبکەین بۆ لایەنی پەیوەنددار وەک: (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ) هەوڵبدەن بۆ دەرکردن و چەسپاندنی یاسا و ڕێسای قورستر وووردر بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانەش بنەبڕ بکرێن.
2-هەماهەنگیکردنی حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەو ناوچانەدا پرۆژەی هۆشیارکردنەوەیان هەبێت تاوەکو بتوانن حاڵەتەکانی خەتەنە کەم یانیش بنەبڕی بکەن. هەروەها وەزارەتی پەروەردە لەڕێگەی قوتابخانە و پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە هۆشیاری بڵاوبکەنەوە.
3_دیسان مامۆستایان ئایینی دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتریان هەبێت لەڕێگەی منبەر و ووتاری هەینییەوە لەو ناوچانەی وا حاڵەتەکانی خەتەنەیان تێدایە، بۆ ئەوەی بتوانرێت تێگەیشتن و بیروباوەڕی خەڵک بگۆڕێت سەبارەت بە خەتەنەی کچەکانیان.

### 2.ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

1_پێویستە توێژەران لەبارەی ڕەوشی ئافرەتی خەتەنەکراو لە هەرێمی کوردستان توێژینەوە ئەنجام بدەن.
2_هەروەها دەکرێت توێژینەوەیەکی چەندایەتی بکریت بۆ وەرگرتنی نموونەیەکی زیاتر و دەستنیشانکردنی کاریگەرییە خراپەکانی ئەم نەریت لەسەر ئافرەت.
3_ئاراستەی لاوان سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان دەکرێت بابەتێکی چاک بیت بۆ توێژینەوە کۆمەڵآیەتییەکان

## پەراویـــــز

(*)بەوپێیەی بەرزی پلەی گەرمی ژینگەی سروشتی چالاکییەکانی جەستە زیاتر دەکات، بەڵام زیاتربوونی چالاکی جەستە بۆ هەردوو ڕەگەز دەبێت نەک تەنها بۆ ڕەگەزی مێیینە. کەواتە پاساوی کۆنترۆڵکردنی لایەنی سێکسی کچان لە ڕێی خەتەنەکردنەوە، کە لەبەر بەرزی پلەکانی گەرما زیاد دەکات، پاساوێکی نالۆژیکییە بۆ بەردەوامیدان بەم نەریتە لەو ناوچانەدا.
(**)دەستنیشانکردنی قەبارەی پێی کچان (Female Foot binding) یەکێکە لەو نەریتانەی تایبەتە بە کۆمەڵگەی چینیی کۆن، ئەویش بریتییە لە وەستاندنی گەشەسەندنی پێی

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

کچان بۆ ئەوەی لە ئاستێکی دیاریکراودا بێت. ئەم پرۆسەیە لەسەر کچانی چینی ئەنجامدەدرا کاتێک تەمەنیان لەنێوان (3-8)ساڵاندا بوایە. ئامانج لەم نەریتە گونجاندنی پێی کچان بووە لەگەڵ پێوەرەکانی جوانی و توانایی بۆ هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی چینیی کۆندا. ئەو سەردەمە دایکەکان دەستنیشانی هاوسەری کورەکانیان دەکرد، ئەو هەڵبژاردنەش بە پلەی یەکەم بەپێی قەبارەی پێیەکانی کچەکە دەبوو، ئیتر ئەم مومارەسەیە کاریگەری تەندروستی زۆری لەسەر کچان دروستدەکرد کاتێک کچان ئازارێکی زۆریان دەچێشت-بەهۆکاری لەپێکردنی پێڵاوی ئاسن-ئەم حاڵەتە لێکەوەتەی زۆر خراپی لێ دەکەوتەوە وەک: هەوکردنی پێیەکان و دروستبوونی بۆنێکی ناخۆش، گانگرینی پێیەکان، ژەهراویبوونی خوێن، هەوکردنی جومگەکان، ئیفلیجبوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ( 10%)ی ئەو منداڵانە بەهۆیەوە دەمردن. ئەم نەریتە وردە وردە و لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمەوە ئیتر بەرەو نەمان چوو تاوەکو لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بەتەواوی لە چیندا نەما. (Wilson, a,2013)

(***)خەتەنەی کوران لە کۆندا لەلایەن کەسی شارەزا و دەلاک ئەنجام دەدرا بەزۆری لە ماڵێکی دیاریکراو کە کۆمەڵێک منداڵی کوریان دەهێنا و پێکەوە خەتەنە یان سوونەت دەکران و لە مەراسیمێکی شایستە و حەڵوا بەخشینەوە و بە ئاشکرا ئەنجام دەدرا. ئێستا ئەم نەریتە هەر ئەنجامدەدرێت لە کەشێکی ئاسایی و بە ئاشکرا منداڵی کور هەر زوو لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە سونەتدەکرێت لای پزیشک یان یاریدەدەری پزیشک و لە شوێنێکی تایبەت، ئیتر خێزان بەخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکەن.

(****)ئەو خێزانانەی باوک تێیدا پێشمەرگەبوایە بەتایبەت لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان و، بەهۆکاری کاریگەری هزری مارکسیزم لەو سەردەم و بەوپێیەی وای تێگەیشتبوون کە خەتەنەکردنی کچان پەیوەستبوونیی ئایینیە، ئەوا ئەمان دژایەتییان دەکرد و نەیاندەهێشت کچەکانیان خەتەنە بکرێن، بەمشێوەیە بێت مەسەلەکە پەیوەست نەبووە بە دانان بە مافەکانی منداڵ و ئافرەت بەڵکو پەیوەندی بە دژایەتیکردنی ئایینەوە هەبووە، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی ئافرەتەوە.

(*****)نموونەکە دەیانگێڕایەوە کە هەندێک لە منداڵەکانیان خەتەنەکردووە، بەڵام هەندێکیانیان نەکردوون، ئیتر کە میوان دەهاتن و دەیان پرسی کچەکان هەموو خەتەنەکراون، تا قسەیان پێ نەوترێت و لە ڕێگەی خێزانەکە نەیەتەخوارەوە دەیانگووت هەموو کچەکانمان خەتەنەکراون. هەندێک دەیانگووت ئەگەر دەرکەوتبا خێزانیک کچەکەیان خەتەنە نەکراوە پێیان دەوتن موسوڵمان نیین.

(******)تیۆری سرووتەکانی تێپەڕین لەسەر دەستی ئەنترۆپۆلۆژیستی بەلجیکی (ئارنۆڵد ڤان جینپ)(Arnold Van Gennep)(-1873-1975)ەوە لەساڵی(1909)دامەزراوە، ئەوەش لەمیانەی توێژینەوەیەکی بەناوبانگیدا کە هەمان ناونیشانی ئەم تیۆرەی هەڵگرتبوو. لەساڵی (1960) ئەم تیۆرە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و لەسەر دەستی ئەنترۆپۆلۆژیستی ئینگلیزی (ڤیکتۆر تێرنەر)(Victoe Turner)(1920-1983 ) لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەمیانەی توێژینەوە ووردەکانییەوە لەسەر هەندێک خێڵی ئەفریقی.

(*******) (ڤان جنپ) لە توێژینەوەکەیدا جیاوازیکردووە لەنێوان ڕێگەیشتنی فسیۆلۆژی و ڕێگەیشتنی کۆمەڵایەتی. بەجۆرێک ڕێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دانپێدانانی کۆمەڵگە بە ڕێگەیشتنی فسیۆلۆژی تاک، ئەویش بەپێی سرووتگەلێک کە کۆمەڵگە وسستمە کۆمەڵایەتییەکەی دەستنیشانی دەکەن(Van Gennep,1960:2)

## سەرچاوەکان

بزاز،عبدالكريم(2006)، علم اجتماع بورديو، اطروحة دكتوراه، جامعة منتوري قسنطينية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماع و الديموغرافيا.

عبدالعظيم، حسنى ابراهيم (2015)، الابعاد الاجتماعية و الرمزية لممارسات الجسدية-تحليل سوسيولوجى لظاهرة ختان الاناث-مجلة نقد و تنوير، عدد (3)

وێبسایتی کتێبخانەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، چەند ڕاپرسییەک

 shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

ئەنجامدراون. له بەرواری (20/06/2020)دا وەرگیراون.


Adongo, P., Akeongo, P., Binka, F. and Mbacké, C., 1998. Female genital mutilation: socio-cultural factors that influence the practice in Kassena-Nankana District, Ghana. *African Journal of Reproductive Health/La Revue Africaine de la Santé Reproductive*, pp.25-36.

Althaus, F.A., 1997. Female circumcision: rite of passage or violation of rights?. International Family Planning Perspectives, pp.130-133.

American Sociological Association 2019

Arneston, Melissa, (2011)., Female Genital Mutilation: Policies to Encourage Abandonment, Bemidji State University

Asawi ،Ali Sayed(1995)Theory of Culture, Council of scientific Affairs, p. 228-233

Barnard, A. and Spencer, J., eds. (2002) Encyclopedia of Social and CulturalAnthropology, Routledge, London and N.Y.

Bourdieu, P., 1985. The social space and the genesis of groups. Theory and society, 14(6), pp.723-744.

Braddy, C.M. and Files, J.A., 2007. Female genital mutilation: cultural awareness and clinical considerations. Journal of midwifery & women's health, 52(2), pp.158-163.

Centre for Reproductive Rights, 2004, see also; WHO, reports 2000.

Eva Ontiveros, copyright@ 2020 BBC/7/ Feb 2020

Floyd, D. and Robbie, E., 1992. *Birth as an American rite of passage* (No. 306.6 D3).

Fuchs, C., 2003. Some implications of Pierre Bourdieu’s works for a theory of social selforganization. *European Journal of Social Theory*, *6*(4), pp.387-408.

Glover, J., Liebling, H., Barrett, H. and Goodman, S., 2017. The psychological and social impact of female genital mutilation: a holistic conceptual framework.

Grose, R.G., Hayford, S.R., Cheong, Y.F., Garver, S., Kandala, N.B. and Yount, K.M., 2019. Community influences on female genital mutilation/cutting in Kenya: Norms, opportunities, and ethnic diversity. *Journal of health and social behavior*, *60*(1), pp.84-100.

Gynuity.org / www.nhs.uk/fgm

Hosken FP. The Hosken report: genital and sexual mutilation of Females. New York: Women’s International Net work News, 1993.

Jaber, Samia Mohammed, Social Controls and Law, Alexandria, University Knowledge House, 1981

Journal of Immigrant & Refugee Studies, Vol.5 (3) 2007 Available online at http://jirst.haworthpress.com

Juma, Hussein Anwar, Berberi, Hassani, Social and Cultural Dimensions of Female Circumcision: Field Study in Ismailia, M13, Cairo University, Center for Research and Social Studies, Arab Journal of Sociology http://search.mandumah.com/Record/710092

Kimani, Samuel, (2016)., Health Impact of FGM/C: A Synthesis of The evidence, Africa Coordinating Centre for The Abandonment of Female Genital Mutilation/Cutting (ACCAF), University of Nairobi

Kirigia, Consolata, (2018)., Effects of Female genital Mutilation on Physical, social and Psychological Health of The Victims, Chuka University, Kenya, 4th World Congress on “Polycystic Ovarian Syndrome”, London, UK. Jaurnal of Clinical and Molecular Endocrinology

Mackie, G., 1996. Ending footbinding and infibulation: A convention account. *American sociological review*, pp.999-1017.

Minaham, Kathleen(2008), Cultural Beliefs, Human Rights Violation, and Female Genital Mutilation: Complication at the Crossroad of progress, Journal Immigrant & Refugee Studies

Monahan, K., 2007. Cultural beliefs, human rights violations, and female genital cutting: Complication at the crossroad of progress. *Journal of Immigrant & Refugee Studies*, *5*(3), pp.21-35.

Norwegian Knowledge Centre for the Health Services, (2010)., Psychological, social and sexual consequences of female genital mutilation/cutting (FGM/C): a systematic review of quantitative studies, report No.13-2010

Olaveson, T., 2001. Collective effervescence and communitas: Processual models of ritual and society in Emile Durkheim and Victor Turner. *Dialectical Anthropology*, *26*(2), pp.89-124.

Ouedraogo, S., (2009)., Social effects and female genital mutilation (FGM), University of Sherbrooke, HEC Montreal, Canada

Owino, T.M., 2016. *Mediating human rights and religio-cultural beliefs: an African feminist examination of conceptualisations of Female Genital Cutting (FGC) in the United Nations*


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

Wilson, A.M., 2013. How the methods used to eliminate foot binding in China can be employed to eradicate female genital mutilation. *Journal of Gender Studies*, *22*(1), pp.17-37.

World Health Organization (2008) Eliminating Female Genital Mutilation: AnInteragency Statement (OHCHR, UNAIDS, UNDP, UNECA, UNESCO, UNFPA, UNHCR, UNICEF, UNIFEM, WHO). Geneva, Switzerland.

World Health Organization. 2006.”Female genital mutilation and obstetric outcome: WHO collaborative prospective in six African countries, “The lancet 367(9525): 1835-1841.

www.bbc.com/world 51743119/15 April/2020

www.bbc.com/world 51743119/15 April/2020

Young, women ; FGM, Kolo African Journal of Reproductive health

Yount ,K.M.(2002). Like Mother Like Daughters Female Genital Cutting in Minia, Egypt. Journal of Health and Social Behaviour (43), 336-358.

*Children Fund (UNICEF) documents* (Doctoral dissertation).

Sargent, C. (1991).,” Confronting Partriachy: The potential for advocacy in medical anthropology,” Medical Anthropology Quarterly

Similä, M, Tiilikainen, M, Forde, M, Villa, S, Johansson, J, Hyvönen, H & Takola, M (eds) 2008, *Special issue: Female genital cutting in the past and today*. Finnish Journal of Ethnicity and Migration, no. 2/2008, ETMU, Helsinki.

Toubia N.Female genital Mutilation. Draft background paper to the WHO Technical working group on FGM. Geneva 17-19. July,1995.

Turner, V. (1969) The Ritual Process: Structure and Anti-structure,Ithaka,New York: Cornell Uni-versity Press

UNICEF, (2008)., Changing a harmful Social Convention: Female Genital Mutilation/Cutting,

UNICEF, (2008)., Changing a harmful Social Convention: Female Genital Mutilation/Cutting

UNICEF”United Nations Children Fund”, Innocenti Digest, (2008)., Changing a Harmful Social Convention: Female Genital Mutilation/Cutting

Van Gennep, A. (1960) The Rites of Passage, Translated by Vizedom, M. andCaffee G., The University of Chicago Press, Chicago.


shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac

# الابعاد الاجتماعية والثقافية لختان البنات
## دراسة ميدانية في اقليم كردستان

**الخلاصة**

**هدفت الدراسة الى معرفة وفهم وتحليل الختان كعادة اجتماعية وإبراز جوانبها الثقافية، إن ختان البنات تعد عادة من العادات الاجتماعية وليس دينية أو علاج طبي، فبعض البلدان يلجأون الى هذه الطريقة حفاظا على شرف وسمعة المرأة وتنظيم حياتها الخاصة خصوصا الجنسية منها، المحور الاساسي لهذه الدراسة هي تحديد الابعاد الاجتماعية والثقافية للختان في اقليم كردستان, وترتكز أهداف الدراسة حول الأسباب وتأثيرات الختان على البنات وقراءتها كظاهرة اجتماعية، ويرجع أهمية هذه الدراسة إلى إلقاء الضوء على موضوع حساس للغاية وتناولها بأسلوب علمي وفهم أبعادها الثقافية والاجتماعية في اقليم كردستان، اعتمدت الباحثة في دراستها على منهج (تحليل المضمون)، واستخدمت (العينة القصدية) في دراستها بشكل (الكرة الثلجية)، أما ما يخص بجمع المعلومات اعتمدت الباحثة على المقابلة شبة مفتوحة، واظهرت نتائج الدراسة ان من اهم اسباب ختان البنات انخفاض المستوى الدراسي وقلة الوعي الاجتماعي في المجتمع، واثرت هذه الظاهرة سلبا على البنات منها عدم الثقة بالنفس والعزلة والضغوطات الاجتماعية وضعف المساهمة في النشاطات والعلاقات الاجتماعية تعتبرمن أبرز مظاهر ختان البنات.**

***الكلمات الدالة:*** ختان البنات، طقوس العبور، العرف الاجتماعي، العادة الاجتماعية.

**The Social And Cultural Dimensions Of Circumcision**
A Field Study In The Kurdistan Region

**S**HAHLAA **W**ALI **J**ABBAR[*] and **S**AMYA **S**AEED **K**HALID[**]
[*]Dept. of Sociology, College of Arts, University of Salahaddin, Kurdistan Region-Iraq
[**]Dept. of Sociology - College of Humanities, University of Duhok, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**The study aimed to know, understand, and analyze circumcision as a social habit and highlight its cultural aspects. Female circumcision is usually considered social customs and not a religious or medical treatment. Some countries resort to this method in order to preserve the honor and modesty of women and organize their private and sexual life as well.**

**The social and cultural dimensions of female circumcision in the Kurdistan region and the objectives of the study are based on the causes and effects of circumcision on girls and reading it as a social phenomenon.**

**The importance of this study is due to shedding light on a very sensitive topic and dealing with it in a scientific manner and understanding its cultural and social dimensions in the Kurdistan region. Content analysis), and the (intentional sample) was used in this study in the form of (snowball). As for gathering information, the researchers relied on the semi-open interview, and the results of the study showed that one of the most important reasons for female circumcision is the low educational level and lack of social awareness among the people, and its fundamental effects includes lack of self-confidence, isolation, social pressures, and weakness in social activities and relationships are among the most prominent manifestations of female circumcision.**

***KEY WORDS:*** Female Circumcision, Rite of passage, Social Norm, Social Custom.

shahlaa.jabbar@su.edu.krd; Samya.saeed@uod.ac